# مێزەری خوێناوی

## کوشتنی مەلا یوسفی گڵێجاڵی و ڕووداوەکانی دواتری




د. یاسین تەها

# مێزەری خوێناوی

## کوشتنی مەلا یوسفی گڵێجاڵی و ڕووداوەکانی دواتری






**نەخشەی جوگرافیی گڵێجاڵ (مەڵبەندی ناحیەی بەمۆ) _ هەڵەبجە**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٣٩٢) ی ساڵی (٢٠٢٤) ی پێدراوە.**

## ناساندنی کتێب


**ناوی کتێب: مێزەری خوێناوی، کوشتنی مەلا یوسفی گڵێجاڵی و ڕووداوەکانی دواتری**

**نووسەر: د. یاسین تەها محەمەد**

**بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی**

**چاپ: دووەم، نیسانی ٢٠٢٤**

**چاپخانە: پاندا _ سلێمانی**

**بەرگ: ژینۆ محەمەد**

**ژمارەی سپاردن: ٣٩٢ ساڵی ٢٠٢٤.**


---

*** لەم چاپەدا زانیارییەکان نوێکراونەتەوە**

# پێڕست


| ناونیشانی بابەتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: ژیاننامەی مەلا یوسفی گڵێجاڵی** | ٦ |
| سەرەتاکانی فەقێیەتی | ٩ |
| گەشت و گەڕانەکانی بۆ خوێندن | ١٠ |
| هاوڕێکانی فەقێیەتی | ١٣ |
| دیارترین مامۆستاکانی | ١٥ |
| مۆڵەتوەرگرتنی مەلایەتی | ٢١ |
| **بەشی دووەم: کوشتنی مەلا یوسف و تاڵانکردنی گڵێجاڵ** | ٢٣ |
| پەلهاویشتنی شێخانی هەورامان و کێشەی موڵکداری | ٢٣ |
| شێخ و دەرەبەگ لە پشتکێوی بەمۆ | ٢٧ |
| کێشمەکێشی شێخ و دەرەبەگ | ٢٩ |
| گواستنەوەی ماڵی شێخ بۆ گڵێجاڵ | ٣١ |
| کوشتنی مەلا یوسف | ٣٨ |
| سووتاندنی ماڵی شێخ | ٤٠ |
| تاڵانکردنی گڵێجاڵ | ٤٣ |
| سەرکوتکردنی بنەماڵەی مەلا یوسف | ٤٥ |
| ئاوارەبوونی گڵێجاڵییەکان | ٥٠ |
| **بەشی سێیەم: هۆکار و لێکەوتەکانی ڕووداوەکە** | ٥٥ |
| بۆچوون و پاڵنەرەکانی مەلا یوسف | ٥٥ |
| تۆمەتی بەرهەڵستکارانی شێخەکان | ٥٩ |
| ڕەوتی بەرهەڵستکارانی شێخەکان | ٦٠ |
| بەرپرسیارێتی کوشتنی مەلا یوسف | ٦٥ |
| کاریگەری و لێکەوتەکانی ڕووداوەکە | ٦٩ |
| پاشکۆی بەڵگەنامە و دەستخەت و وێنە | ٧٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٨١ |

# پێشەکی

بەسەرهاتی کوشتنی مەلا یوسفی گڵێجاڵی (باشووری هەڵەبجە)، لە ئەنجامی بەرهەڵستیکردنی هەژموون و پەلهاویشتنی "شێخ زاهیدی شێخ عەلادینی نەقشبەندی" (١٩٤٦ز)، ڕووداوێکی ئاڵۆز و پاشخانداره، لەم پێشهاتەدا جگە لە کوژرانی مەلایەکی گەنج لەسەر بۆچوونەکانی، مامێکیشی (قادری مەلا یوسف) بێسەروشوێنبووە و تا ئێستاش گۆڕی ونە، هەر لەو ماجەرایەشدا ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی دەستگیرکراون و ئەشکەنجە دراون، خەڵکی گوندەکەشی (گڵێجاڵ) ڕووبەڕووی تاڵانکاریی، ئاوارەبوون و بارگرانی زۆر بوونەتەوە و ساڵانێك تۆمەتبارکراون، بەهۆی باڵادەستی لایەنی بەرامبەریشەوە ڕووداوەکە پەردەپۆش کراوە.

ئەم کارە بەڵگەنامەییە _ مێژوویە کە لە شێوەی توێژینەوەدایە، هەوڵ دەدات تیشك بخاتەسەر لایەنە فەرامۆشکراو و شاراوەکانی ئەو بەسەرهاتە، چونکە بەپێی دانپێدانانی قایمقامی هەڵەبجە "شاکر فەتاح"، لە کاتی خۆیدا (١٩٤٦)، بەهۆی پێگەی بەهێزی شێخەکان و بێپشتوپەنا مانەوەی بنەماڵەی کوژراوەکە و خەڵکی گوندەکەیەوە، دەزگا فەرمییەکان نەیانتوانیوە هیچ بۆ قوربانییەکان بکەن، ئەمەش پاڵنەر و گۆشەیەکی گرنگە بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی تا وەك بەسەرهاتێکی مێژوویی، بنکۆڵکاریی تێدابکات، بە ئامانجی دەرخستنی ڕاستی و خزمەتکردنی دادپەروەری لە ڕێگای؛ گێڕانەوەی "اعتبار" بۆ قوربانییەکان کە دەبێتەهۆی دڵدانەوەی نەوەو پاشماوەکانیان،

گرنگیدان بە چینەکانی خوارەوەی خەڵك و گێڕانەوەی هەقیقەتی شتەکان نزیك لە ڕووداوەکان بۆ ئەوەی ببنە پەند و وانەی مێژوویی.

جگە لەو هۆکارەی سەرەوەش، گرنگیدان بە مێژووی ناوچەیی پشتبەست بە یادەوەری گرنگی خۆی هەیە، چونکە یارمەتیدەر و تەواوکەری نووسینەوەی مێژووی گشتییە، هاندەرێکیشە بۆ گرنگیدان و تۆمارکردنی ئەو ڕووداوانەی کە مەترسی فەوتان و بزربوونیان لەسەرە و هی خەڵکە ئاسایی و فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگان.

## هەوڵەکانی پێشتر

بە درێژایی زیاتر لە حەوت دەیە، ئەم بەسەرهاتە لەسەر زار و زمانی شایەتحاڵەکانەوە دەستاودەستیکردووە، هاوشانی ئەمەش هەندێك کەرەستە بەردەست بوون کە یارمەتیدەربوون وەك:

_ دوو لە مەلاکانی "گلێجاڵ" ئاماژەیانپێکردووە، لە هەندێك بیرەوەری نووسراویشدا باسی هاتووە بەتایبەت ئەوانەی: "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" کە مامۆستای بیارە بووە، "شاکر فەتاح" کە ئەوکات قایمقامی هەڵەبجە بووە (بەبێ ناوبردنی گوندەکە)، "مەلا لەتیفی بامۆکی"، کە ساڵانی چلەکان لە هەڵەبجە فەقێ بووە.

_ لە ساڵی ٢٠٠٨، کۆچکردوو "بەرزان بەلەسۆیی" بە وروژاندنی ئەم باسە لە یەکێك لە گۆڤارەکان"، دەرگای بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵێك ڕاستی کردەوە، هەندێك لەوانەش ڕوونکردنەوەن لە بری بنەماڵەی شێخانی بیارە و بەرگرینامەی مامۆستایەکی ئایینی نزیکیانە.

_ کۆچکردوو "**حاجی مەحمودی عەبدوڵڵا**" لە بنەماڵەی "مەلا یوسف"، بە تۆمارکردنی چاوپێکەوتنی هەندێك لە شایەتحاڵەکان بەڤیدیۆ (٢٠٠٨)، بەشێك لە وردەکاری ئەم بەسەرهاتەی تۆمارکردووە.

_ لەم ساڵانەی دواییدا "**د. عادل صدیق**" لە زانکۆی هەڵەبجە لەمیانەی کۆکردنەوەی مێژووی ناوچەکە و لە چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکاندا، کۆمەڵێك زانیاری لەبارەیەوە دەستخستووە، هەندێك لەوانەش بەهاوبەشی توێژەری ئەم توێژینەوەیە لە میانەی بەشێکی کتێبی "گلێجاڵ لە بەڵگەنامە و بیرەوەرییەکاندا" بڵاوکراوەتەوە کە یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی "ڕێکخراوی خاڵ" (٢٠٢١) بەهاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم.

سەرباری ئەوانەشی کە ئاماژەی پێکرا، لەم سێ ساڵەی دواتردا کۆمەڵێك زانیاری و بەڵگەی تر دەست توێژەر کەوتن، زۆر لایەنی تری ڕووداوەکە دەخەنە ڕوو، هەروەها وردەکاری زیاتریان تێدایە، لێکدان و پێداچوونە بە هەموو ئەمانەشدا، ئەم کارە نوێیەی لێبەرهەمهات کە لە بەردەستدایە.

## میتۆدی توێژینەوە:

لە میانەی گێڕانەوەکانی ڕووداوەکە، لەم توێژینەوەیەدا جگە لە "میتۆدی مێژوویی" کە بنەڕەتییە، "میتۆدی وەسفی" بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەك خۆیان لە زاری خەڵکی شایەتحاڵەوە بەکارهاتووە،

له هەر جێگەیەکیشدا کەلێنی زانیاری هەبێت لە بەر ڕۆشنایی گێڕانەوەکان و پێدراوەکانی نێو بەڵگەکان، پەنا بۆ شیکارکردن براوە.

## سەرچاوەکان:

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە چاوپێکەوتنە کەسییە ڕووبەڕووەکانی شایەتحاڵ و خەڵکانی ئاگادار، پشت بە چەند جۆرێك سەرچاوەی تر بەستراوە وەك: یادەوەری بڵاوکراوە و چاپکراو، دەستخەتەکانی حوجرە و مامۆستا ئاینییەکان، سەرجەمیشیان لە ٧٠ سەرچاوە پترن. ئەوانەشی کە گفتوگۆی تۆمارکراویان لەگەڵدا کراوە، ژمارەیان ٣٩ کەسن (٣٣ پیاو و ٦ ژن)، لەو ژمارەیەش ٢٩ کەسیان شایەتحاڵ و ئاگادارن، ١٠ کەسیش مامۆستای ئایینی و هاوفەقێی "مەلا یوسف" بوون لە هەڵەبجە، لە یەکەم بەکارهێنانی زانیارییەکانیشیاندا لە پەراوێز زانیاری تەواویان خراوەتەڕوو، بەڵام دواتر کە دووبارە دەبنەوە بە (س.پ: سەرچاوەی پێشوو) ئاماژەیان بۆکراوەتەوە.

## ناوەڕۆکی بەشەکان

**ئەم توێژینەوەیە، لە سێ بەش و چەند تەوەرێکی لاوەکی پێکدێت:**

**بەشی یەکەم** تەرخان کراوە بۆ ژیاننامە و خوێندن و پێگەیشتنی مەلا یوسف لە حوجرەکان، ئەم بەشەش بە دەرفەت زانراوە بۆ تیشك خستنە سەر شوناسی خێزان و گوندەکەی، لەگەڵ ئاماژە بە هاوڕێ و مامۆستاکانی کە کاریگەریی گەورەیان لەسەری هەبووە.

**بەشی دووەم**، لەسەر ناکۆکییەکانی "مەلا یوسف" لەگەڵ یەکێك لە کوڕانی "شێخ عەلادینی بیارە" بەناوی "شێخ زاهید" هەڵوێستە

دەکات، پاشان ڕووداوی کوشتنەکە و درێژکراوەکانی لە سەرکوتکردنی خزمەکانی و تاڵانکردن و ئاوارەکردنی "گلێجاڵ" ڕووندەکاتەوە.

**بەشی سێیەم** و کۆتاییش، هەندێك هەڵوێستە و شیکارە لەبارەی هۆکار و لێکەوتە و کاردانەوەکانی دیکەی ڕووداوەکە.

## هاوکاران و دواوتە:

لەم هەولەدا کۆمەڵێك کەس بەشدار و هاوکاربوون، کە جێگای سوپاس و دەستخۆشین لەوانەش: **"د. عادل صدیق"** لە بەشی مێژووی زانکۆی هەڵەبجە، کە ئاماژە بە هاوکارییەکانی کرا. هەروەها **"م. عەفان ئەحمەد"**، **"م. عوسمان ئەحمەد"**، لە خۆبردووانە لە ڕێکخستنی زۆر لە چاوپێکەوتنەکان و دواتر نووسینەوەو پێداچوونەوەیان ئەرکیان کێشاوە.

لە کۆتاییدا ئەوە یەکلاییە هیچ کارێک بێکەموکوڕی نییە و تەنیا خودا لە هەڵە پارێزراوە، لە هەرکوێدا زانیارییەکان دروست و وردبن، ئەوە جێگەی دڵخۆشییە، لە هەر کوێشدا هەڵە و کەموکوڕی هەبێت، ڕاستکردنەوەیان ئەرکە، هەڵەکانیش بە ئەنقەست نەبوون و لەهەرکوێدا هەبن پێشوەختە داوای چاوپۆشی و تێگەیشتنمان هەیە، هەر بەڕێزێکیش سەرنج یان زانیاری زیاتری هەبوو، لە ڕێگای ئەم ئیمەیڵەوە دەگات: yaseen.ahmed@univsul.edu.iq

# بەشی یەکەم: ژیاننامەی مەلا یوسفی گڵێجاڵی

## خێزان و بنەماڵەکەی:

مەلا یوسف، کوڕی خەلیفە ئەحمەدی کوڕی "مەلا یوسف"ی کوڕی "خەلیفە مارفە". لەناو هاوڕێ و هاوفەقێکانیدا بە "مەلا یوسف گڵێجاڵی" ناسراو بووە و هەر بە نازناوی گوندەکەشی لە نامە و دەستخەتەکاندا ناوی هاتووە[١]. دایکی ناوی "وەنەوش محەمەد " ـە، خەڵکی گوندی "زارێن" ی ناوچەی تاوگۆزییە لە "ئەوبەری سیروان"[٢].

مەلا یوسف لە گوندی" گڵێجاڵ" لەدایکبووە، ئەم گوندەش ئێستا ناوەندی "ناحیەی بەمۆ" یە لە بەشی باشوری پارێزگای هەڵەبجە لەسەر سنووری ئێران. لەبارەی ساڵی لەدایکبوونیشییەوە، بەڵگەنامە فەرمییەکان فەوتاون، بەڵام بەپێی ئاماژە بەردەستەکان لە نێوان ١٩١٥_١٩٢٠ دایە، بەهۆی هەرای پاش کوشتنەکەشییەوە لەنێو خێزانەکەیان، تەنیا ئەو پێناسی باری شارستانییەکەی بەردەست نییە.

قسە و باسی جۆراوجۆر هەن لەسەر ڕەچەڵەکی بنەماڵەی "مەلا یوسف"[٣]، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکان، باپیرە گەورەیان کە

---

[١] ئەرشیفی دیجیتاڵیی ناوەندی کوردستان، دۆسیەی D.K.١٥٩، ٣٣٦٨٠.

[٢] پێناسی باری شارستانی باوك و دایکی، ١٦٥، ص ١٦٩/ ٢٧٣٢١، سجل ١٣٧.

[٣] لەوانەش: گەڕانەوەیان بۆ دەوروبەری گوندی "بانی بی" و گواستنەوەیان بۆ گڵێجاڵ، یان گەڕانەوەیانە بۆ بۆسەر "هارونی" کە تیرەیەکی جافی مورادییە، لەگەڵ هەندێك بۆچوونی تر، بەڵام هیچ لەوانە بەڵگەی ڕوونی لەسەر نییە و سەلمێنراو نییە، لەناو مەلاکانی بنەماڵەکە قسەیەك باو بووە؛ "بنەماڵەی خەلیفە" دۆستایەتی

"خەلیفە مارف"ـە لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ لە ئاوایی "گڵێجاڵ"دا ژیاوە، بەڵگە و بەدواداچوونەکانیش بەو ئاراستەیەن ڕیشەی بگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری "قەزای جوانڕۆ"ی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لەو ناوچەیەشەوە وەك هەندێك لە بنەماڵەکانی تر بەرەو "گڵێجاڵ" هاتووە[1]، خەڵکی ئەو دەڤەرەش لە تیرەکانی جافن، سوننە مەزەبن و شێوەزاریان سۆرانییە.

هاوسەری خەلیفە مارف (پەریخان)، کچی "نادروەیس"ی باوەگەورەی بنەماڵەیەکی تری گڵێجاڵییە، ئەم خێزانەش کە بناغەی "خێڵی خەلیفە"ن، چوار کوڕیان هەبووە بە ناوەکانی؛ یوسف، فەتاح، محەمەد، مستەفا. دووان لەم کوڕانەش، خوێندنی مەلایەتییان خوێندووە، ئەوانیش مەلا یوسف (گەورە) و مەلا فەتاح ـ ن، هاوژینی هەردووکیشیان "مەلەکێ" و "حەلیم" هەر خەڵکی دیوی ڕۆژهەڵاتی

---

و هاتووچۆیان لەگەڵ هارونییەکان هەبووە لە بەرکێوی بەمۆ، بەڵام یەك بەرەباب نەبوون، ئەوەشی یەکلاییە و بەردەستە تەنیا بە گڵێجاڵەوە پەیوەست بوون. بڕوانە: حمە سالح هاروونی، **هاروونی لەمێژوودا**، چ ٢، (سلێمانی، ٢٠١٩)، ل ١١٥؛ چاوپێکەوتنی مەلا محەمەدی مەلا سەعید گڵێجاڵی، زەڕایەن، ١٠/٦/ ٢٠٢٠.

[1] ئاماژەکان جۆراوجۆرن لەوانەش: ١_ دەستخەتێکی مەلا فەتاحی کوڕی خەلیفە مارف، "خەلیفە زادە" ی بەکار هێناوە کە زیاتر ئەو پاشگرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باون. ٢_ پشکنینێکی (DNA) یەکێك لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە لە ئەوروپا، ئەوە دەردەخات زۆرترین هاوبەشیی لەگەڵ نموونە وەرگیراوەکانی دەوروبەری جوانڕۆ هەیە. ٣_ هەندێك سەرچاوەی تری ناوچەیی پشتڕاستی دەکاتەوە. بڕوانە: محەمەد حسێن کوێخا عەلی، چمکێك **لە مێژووی نادیاری عەشرەتی شەرەف بەیانی وناوچەی کوێرەك** (سلێمانی: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٠)، ل ١٨٨؛ مەلا محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن.. س.پ.

کوردستانن و لەعەشیرەتی قوبادین و خزمی یەکترن، ئەمەش ئاماژەیەکی تری تێکەڵی و گەڕانەوەیانە بۆ سنوری قەزای "جوانڕۆ" و "سەلاسی باوەجانی"، بەڵام دووانەکەی تریان هاوسەرەکانیان گڵێجاڵین و هی "مستەفا" ناوی "خورشید عەزیز ڕەحیم"ـە، هی "محەممەد"یش "پیرۆز قادر نادروەیسییە" کە دەکاتە خاڵۆزای[1].

خەلیفە مارف، دۆستی نزیکی شێخانی قادریی نیشتەجێی "خانەشور"ی "سەلاس" بووە لە دیوی ئێران [2]، لە گێڕانەوەکانی ئەوێشدا وەك کەسی نزیکی "شێخ ڕەسوڵی خانەشوور" لە گوندی "گڵێجاڵ" ناوی دێت، جارێکیش هاوڕێیەتی "ئیسماعیلی شێخ ڕەسووڵ"ی کردووە لە سەردانی "کاك ئەحمەدی شێخ"ی سلێمانی بەمەبەستی دانانی وەك جێگەداری باوکی لە "خانەشوور"[3].

بەپێی پێدراوە بەردەستە مێژووییەکان، "گڵێجاڵ" گەورە دێیەکی فرەچەشنی "پشتکێوی بەمۆ" بووە (١٠ هەزار و ٧٧٧ دۆنمە)، ئاماژەکانیش ئەوەدەردەخەن دامەزرێنەرەکانی لەبارەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و سەرچاوەی سەرەکی ئاوی گوندەکە (گەچێن)، لەسەر سیستەمێکی دابەشکاری لە نێو خۆیاندا ڕێککەوتبن. لە دەستخەتی مەلاکانی گوندەکەشدا ناوی "گڵێجاڵ" وەك شوناس

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فاتمی مەلا فەتاحی خەلیفە، زەڕایەن ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەحمود عەلی محەمەد گلێجالی، زەڕایەن ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مستەفا قادر گلێجالی، زەڕایەن ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠.

[3] چاوپێکەوتنی م. عەفان ئەحمەد، لەگەڵ سەید محەمەد خانەشووری بە شێوازی ئۆن لاین (نەوەی شێخانی خانەشوور)، جوانڕۆ، ٣/ ٦/ ٢٠٢٠.

بەکارهاتووە، خەڵکی تریش لە دەرەوە هەر بەناوی گوندەکەوە ناسیوونی[١]. ئەم شوناسە ناوچەییەش (گڵێجاڵی)، بەرهەمی تۆڕێکی چڕ لە تێکەڵی، ژنوژنخوازی، پێکەوەژیان و هاوماڵیکردنی دێرینی نێوان کۆمەڵێك هۆز، بنەماڵە و بەرەبابە، ئەمەش زۆربەی هەرە زۆریانی کردووە بە خزم، سەرباری ئەمەش هەریەك لەوانە دەربارەی باپیران و ڕەچەڵەکی پێشینەیان چیرۆکی خۆیان هەیە، هەندێکیشیان خزم و درێژکراوەیان لە دەرەوەی ئاواییەکە و ناوچەکانی تر هەیە[٢].

## سەرەتاکانی فەقێیەتی

باوکی "مەلا یوسف" کە ناوی خەلیفە ئەحمەدە، خوێنەوارییەکی سەرەتایی هەبووە و قورئانخوێندنی لێوە بیستراوە[٣]، هەروەها باپیری مەلا یوسف کە هاوناوی خۆیەتی، مەلا بووە[٤]، زانراویشە لە "گڵێجاڵ" فەقێی هەبووە [٥]. هەروەها لەم بنەماڵەیە "مەلا فەتاح"، کە

هەوڵنامەی کتێب

---

[١] چەند دەستخەتێك لە ناوەندی کوردستان _ زانکۆی سلێمانی، دۆسیەکانی D.K.٢ ،١.D.K ل؛ دەستخەتی مەلا مەحمود مەلا فەرەج (ئەرشیفی خێزانی).

[٢] کۆمەڵێك توێژەر، ***گڵێجاڵ لە بەڵگەنامە وبیرەوەرییەکاندا*** (سلێمانی: ناوەندی خاڵ، ٢٠٢٠)، ل ١١.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ: محەمەد قادر عەزیز، زەڕایەن، ١٠/ ٦/ ٢٠٢٠؛ مەلا عەبدوڵلا حەمە حەمە وەیس، دەربەندیخان، ٢٠٢٠/٥/٢٩.

[٤] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ***ڕۆژگاری ژیان، یاداشت وبیروەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس***، ئامادەکردنی ڕەئووف مەحمودی (سنە: انتشاراتی کردستان، ٢٠١٥)، ل٢٢٨.

[٥] فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن.. س.پ.

دەرچووی حوجرەکانی پریس و هەڵەبجەیە[١]، لەپاش گەڕانەوەی بۆ "گڵێجاڵ" حوجرەی کردووەتەوە[٢]، هەندێك خەڵکی ئاواییەکەش وانەیان لەلای خوێندووە، لەنێو ئەوانەشدا: "مەلا سەعید"ی برازای و "مەلا یوسف"ی برازازای [٣]. ئەم حوجرەیەش تا ساڵانی سییەکان بەردەوام بووە و کۆمەڵێك فەقێی ئاواییەکە تێیدا خوێندویانە [٤].

## گەشت و گەڕانەکانی بۆ خوێندنی

بەپێی سیستمی خوێندنی ئایینی جاران، گەشتی خوێندنی مەلایەتی بە یەك حوجرە و مامۆستاوە نەوەستاوە، لەکۆتایشدا فەقێ لەسەر دەستی مامۆستایەکی ناودار و پایەبەرزتر مۆڵەتی وەرگرتووە. لەسەر ئەم نەریتەش ئەوەی زانرابێت "مەلا یوسفی گڵێجاڵی"، لە کۆمەڵێك قوتابخانە و حوجرەی کوردستان خوێندویەتی لەوانەش: مەدرسەی بیارە[٥]، خورماڵ[٦]، ناوشاری هەڵەبجە[٧]، گوندی چنار[٨]،

---

[١]عمر عبد العزيز الحسيني (مەلا عومەر)، ***بۆ برایانی عەشیرەتی گڵێجاڵ***، هەڵەبجە، ٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٣. ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ١٠٥١٢، D.K٠٢.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەزیز مەحمود محەمەد، ٦/٤ /٢٠١٥.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مریەم فەتحوڵڵا، زەڕایەن، ٧/ ٨/ ٢٠٢٠.

[٤] عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، س.پ "چاوپێکەوتن"؛ بەرزان ئەحمەد، "مەلا یوسف چۆن لەلایەن شێخێکی هەورامانەوە تیرۆر کرا؟!" گۆڤاری ستاندەر، ژمارە ٢٥، ساڵی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل ١٤ _١٩.

[٥] ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٨٠، ١٥٩ DK؛حەسەن عەبدولکەریم، "ژیانێکی پڕ کوێرەوەری"، گۆڤاری ژین، ژمارە ٩، ساڵی نۆیەم، ٢٠١٧، ل ٢٤٠.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەید نەجیبی هانەسوورە، ٣١/ ١٢/ ٢٠٢٣.

[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای مەلا محەمەدی تەکیە ٥/ ٢/ ٢٠٢١.

[٨] چاوپێکەوتنی عادل صدیق لەگەڵ مەلا عەلی کۆکۆیی، هەڵەبجە، ١٩/ ٦/ ٢٠٢٠.

عەبابەیلێ[١]، "فەقێ جنە"ی دەربەندیخان[٢]، پێنجوێن [٣]، تەوێڵە[٤]، پریس[٥]، ئەڵمانەی سەر بە مەریوان[٦]، باسی خوێندنی لە "گێڵدەرە" و شاری سنە و جێگای تریش هەیە بەڵام پشتڕاست نەکراونەتەوە. لەکۆتاییشدا مەلا یوسف لەسەردەستی "مەلا ساڵحی گەورە" لە حوجرەی مزگەوتی گوندی "تریفە" مۆڵەتی وەرگرتووە کە لە سنووری ناحیەی سیروانی هەڵەبجەدایە و هاوسنووری گوندەکانی قەزاکەیە[٧]، ئەم حوجرەیەش ڕووگەی کۆمەڵێك مامۆستای ئایینی ناوداری ناوچەکە بووە و چەند دەستخەتێکی فەقێیەتییشی لێ بەجێماوە کە دەربارەی بابەتەکانی شەرعزانین و لەوێ نووسراونەتەوە [٨].

## بەجێهێشتنی بیارە

"مەلا یوسف" لە سەرەتاکانی فەقێیەتیدا لە مەدرەسەی "بیارە"ی هەورامان بووە کە خانەقای ناوداری شێخانی نەقشبەندی بووە. لەو کاتەو دواتریش قوتابخانەی "بیارە" ئاوەدانبووە و تەنانەت لە ئێران و

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] چاوپێکەوتنی حاجی مەحمود عەبدوڵڵا لەگەڵ محەمەدی مەلا فەرەج، زەڕایەن، ٢٣ /٧/ ٢٠٠٨؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ باوا ساڵح ئەحمەد، زەڕایەن، ٥/ ٦/ ٢٠٢٠.

[٢] چاوپێکەوتنی حاجی مەحمود لەگەڵ زینەت ئەحمەد، شارەزوور، ٢٤ /٧/ ٢٠٠٨.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا سەید ئەحمەد تاوگۆزی، ١٦ /٦/ ٢٠٠٥.

[٤] چاوپێکەوتنی عادل صدیق لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریمی مودەڕیس (شایەتحاڵ و ڕووناکبیر)، سلێمانی ٩/ ١٢/ ٢٠٠٦.

[٥] مەلا عومەر عەبدولعەزیز، س.پ، "نامە".

[٦] چاوپێکەوتنی ڕیاز مەحمود لەگەڵ مەلا فایەقی شارەزووری، سلێمانی، ٤/١٩/ ٢٠٢٤

[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا جەلالی مەلا ساڵح، سلێمانی، ٢٠٢٠/٦/١٩.

[٨] ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، لە زانکۆی سلێمانی "آداب کلنبوي"، دەستنووس.

سووریاشەوە فەقێی بۆ هاتووە و وەرگرتنیش بێسنوور و کراوە بووە و خواردنیان بۆ دابینکراوە، بە تایبەت لە سەردەمی "شێخ عەلادین"دا (١٩٢٠_١٩٥٤ز)، بەم هۆیەشەوە هەندێکجار بە "ئەزهەری کوردستان"وێناکراوە[١]، بەڵام بەپێی گێڕانەوەکان ماوەیەك بەهۆی نارەزایەتی لەسەر شێوازی خەرجکردنی پارەی "وەقفی فەقێ" لە قوتابخانەکە، کۆمەڵێك فەقێ مانیانگرتووە، پاشان هەندێکیان "بیارە"یان بەجێهێشووە و ڕوویان لە "هەڵەبجە" و گوندی "عەبابەیلێ" کردووە، لەوانەش "مەلا مەجیدی دەوڵەتئاوا"، کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە[٢]، بەپێی دەستخەتەکانی و زۆربەی گێڕانەوەی هاوسەردەمەکانیشی، یەکێکی دیکە لەو نارازییانەی کە لە "بیارە" دەرچووە "مەلا یوسف" بووە[٣]. هاوەڵەکانیشیان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەم دوو فەقێیە بۆچوونیان لەبارەی هەندێ پرسەوە نزیك و هاوبەشبووە، و دەگێڕنەوە پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵێك فەقێ و مەلای دیکەی هەڵەبجە، زۆر دژایەتی دەرەبەگایەتییان کردووە، لە نێویشیاندا ئەو شێخانەی موڵکدار بوون و "ڕەخنەیان لێگرتوون" [٤].

---

[١] بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ل ١٤١، ١٤٣، ١٤٩؛ مستەفا زەڵمی، کاروانی ژیانم، ل١٦٨؛ محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، ب١، ل ١٠٣٨.

[٢] حەسەن عەبدولکەریم، ژیانێکی پڕ کوێرەوەری، لا ٢٤٠_ ٢٤٥.

[٣] مەلا عەبدولەتیفی بامۆکی، ***هانە سوورە و بنەماڵەی سەیدی هانە سوورە لە مێژوودا*** (سلێمانی: چاپخانەی گەنج، ٢٠١٠)، ل ٤٨؛ ئەرشیفی دیجیتاڵیی ناوەندی کوردستان، دۆسیەی D.K.١٥٩، ٣٣٦٨٠.

[٤] چاوپێکەوتنی عادل صدیق لەگەڵ حەمە تۆفیق دەروێش، هەڵەبجە، ٢٩ / ٦/ ٢٠٢٠.

## هاوڕێکانی دیکەی فەقێیەتی

لە کاروانی خوێندنی فەقێیەتیدا "مەلا یوسفی گڵێجاڵی" بە چەندین فەقێ و مەلا و کەسایەتی جۆراوجۆر ئاشنا بووە، لەوانەش:

* لە گرێبەستێکی کڕینی کتێبێکی چوار بەرگیدا، فەقێیەك بەناوی "عەبدولکەریمی کوێرەکی" کە خەڵکی "ئەوبەری سیروان"ـە، سەرچاوەیەکی فیقهی شافیعی فرۆشتووە بە "مەلا یوسف" و ناوی بە "هاوڕێی ئازیز" هاتووە.[١].

* لەو ماوەیەی لە عەبابەیلێ فەقێ بووە، "مەلا ڕەشید پاوەیی" هاوکاریی کردووە لە نوسینەوەی هەندێك بابەتی شەرعزانی [٢]، ئەم مەلایەش خەڵکی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە، لە حوجرەی "مەلا حەسەنی عەبابەیلێ" خوێندوویەتی، بەوەش ناسراوە کەسێکی ڕووەکی بووە، مێژووی دەستخەتەکەش بە ٢٠/١١/ ١٩٤٤ تۆمارکراوە [٣].

* یەکێکی تر لەوانەی کە نامەیان بۆ مەلا یوسف نووسیوە کەسێکە بەناوی مەلا جەلالەدین کە بە "خاڵە مەلا یوسف" ناوی بردووە[٤].

* لە نامەیەکدا کە "مەلا جەلالەدین" بۆی نووسیوە، ناوی کەسێکی جووی هەڵەبجە هاتووە کە وادیارە، ئاشنای "مەلا یوسف" بووە،

---

[١] ئەرشیفی دیجیتاڵیی ناوەندی کوردستان، زانکۆی سلێمانی، d.k.٢، ١٠٥٣٢.

[٢] ئەرشیفی دیجیتاڵیی ناوەندی کوردستان، دۆسیەی D.K.١٥٩، ٣٣٦٨٠.

[٣] چاوپێکەوتنی عادل صدیق لەگەڵ مەلا عوسمان شەریف، هەڵەبجە، ٢١/ ٦/ ٢٠٢٠.

[٤] ئەرشیفی دیجیتاڵیی ناوەندی کوردستان، دۆسیەی D.K.١٥٩، ٣٣٦٨٠.

دەقەکەشی بەم جۆرەیە، "بسم الله الرحمن الرحیم، خاڵە مەلا یوسف، السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته، دوێنێ هاتمە زیارەتت.. نەبوویت، بەداخەوە بە پەرێشان حاڵی گەڕامەوە، خواجە ساسۆن ئەگەر تەشریف نەهێنێ ئیتر کیفایەتە"[١]. ئەوەی زانراوە "خواجە ساسۆن" یەکێك بووە لە دوکاندارە جولەکە ناسراوەکانی هەڵەبجە، کاسبکار و حەکیم "پزیشك" بووە[٢]، جارجارەش بەسەر گوندەکاندا گەڕاوە بۆ کاری فرۆشیاری و جوویەکی ناسراوی شار بووە[٣].

* فەقێیەك بەناوی "مەلا فاتح" و کەسێکی تر بەناوی "ئەحمەد" پارچە هۆنراوەیان پێشکەش بە "مەلا یوسف" کردووە، ئەویش دەربارەی "مەلا فاتح" نووسیویەتی "زۆرم خۆشگەرەکە"، دیسان ئەویش لە پێشکەشکردنی هۆنراوەدا لە رۆژی ٢/ ٢/ ١٩٤٦ز، "مەلا یوسفی" بە "گەورەی خۆم" ناوبردووە. لەجێگەیەکی دی "مەلا یوسف" بە خەتی خۆی چوارینەیەکی "ئیمام شافیعی" پێشکەش کردوە و نووسیویەتی "مەلا فاتیح خۆش بێت". هەروەها هاورێکەیتری (ئەحمەد) بۆ مەلا یوسفی نووسیوە: "برای خۆم"[٤].

---

[١] ئەرشیفی دیجیتاڵیی ناوەندی کوردستان، D.K.١٦٠، ٣٣٦٨٨.
[٢] مەلا عەلی کۆکۆیی، چاوپێکەوتن.. س.پ.
[٣] مەلا عوسمان سۆفی، چاوپێکەوتن.. س.پ.
[٤] ئەرشیفی دیجیتاڵیی ناوەندی کوردستان، دۆسیەی D.K.١٥٩، ٣٣٦٨٠.

## دیارترین مامۆستاکانی:

بەدواداچوونەکان دەریدەخەن پاش "گڵێجاڵ" و حوجرەی "مەلا فەتاح" ڕووگەی سەرەکی خوێندنی "مەلا یوسف"، شاری هەڵەبجە بووە، لەم شارەش لای هەندێك مامۆستای ناسراو خوێندوویەتی وەك:

### ـ مەلا شەفیقی کۆکۆیی

دەشێت یەکەم وێستگەی خوێندنی مەلا یوسف لە هەڵەبجە پاش دەرچوونی لە ئاوایی گڵێجاڵ، گوندی چنار بووبێت، لەوێ لای "مەلا شەفیقی کۆکۆیی" وانەی خوێندووە، تەنانەت لەناو فەقێکانی گوندەکەش یادەوەری و بەسەرهاتی خۆشی هەبووە[1]. "مەلا شەفیق" بەوە ناسراوە، کەسێکی کاریگەر و لە هەمان کاتیشدا روخۆش و هەمیشە دەم بە خەندە بووە لەگەڵ فەقێکان و سوختەو موسەتەعیدیش لای ئەو وانەیان خوێندووە[2].

هەواڵنامەی کتێب

### مەلا محەمەدی عەبابەیلێ

"مەلا یوسف"، سەردەمێکی زۆر لای "مەلا محەمەدی مەلا عەبدوڵڵای عەبابەیلێ" لە مزگەوتی تەکیەی هەڵەبجە خوێندوویەتی[3] ئەم مامۆستایەش، شەرعزانێکی ناسراو بووە، لە پاش

---

[1] مەلا عەلی قادر کۆکۆیی، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا حەمەئەمین سەراوی، (شایەتحاڵ و هاوفەقێ) هەڵەبجە، ٢٧/ ٦/ ٢٠٢٠؛ سەید نەجیبی هانە سوورە، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[3] حەمە ی مەلا کەریم، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ مەلا عەلی کۆکۆیی، س.پ؛ حمە تۆفیق دەروێش ئەبوبەکر، س.پ.

مەلایەتیکردن لە قەرەداغ و لە کۆکۆیی لە "تەکیەی سەید نەسروڵڵا"ی هەڵەبجەدا گیرساوەتەوە[١]. لە نێوان ١٩٠٤_ ١٩٨١ ژیاوە[٢]، ئەگەر زۆرە ئەو کاتەی لە کۆکۆیی بووە، "مەلا یوسف" هەر فەقێی ئەو بووبێت، لەگەڵ گواستنەوەکەیدا ئەویش چووبێتە مزگەوتی تەکیە[٣].

"مەلا محەمەدی عەبابەیلێ" لە هەڵەبجە لە ئاستی "مەلا ساڵحی گەورە"دا بووە و مەدرەسەی هەبووە[٤]. خاوەنی دانراوێکیشە بەناوی "شفاء العلیل" کە لە ١٢/٨/ ١٩٥٨دا لە هەڵەبجە کۆتایی بەنووسینی هێناوە، دانراوەکەش تایبەتە بە مشتومڕی تەڵاقی سێ بەسێ کە پرسێکی ئاڵۆزی شەرعزانییە[٥].

## ـ مەلا عەبدولعەزیزی پریس

"مەلا یوسف" لە مزگەوتی تەکیەی هەڵەبجە لەگەڵ "مەلا مەجیدی دەوڵەتاوا" ڕۆژانی جومعان وانەی لە بەردەستی "مەلا عەبدولعەزیزی پریس" (م. ١٩٥٠) خوێندووە[٦]، جگە لەوەش

---

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ل ٢١٦.

[٢] پەڕەی ئەلکترۆنی گوندی عەبابەیلێ، ***مامۆستامحمد ملا عبدالله شێخ قادر***، ٣ / ٧/ ٢٠٢٠، https://bit.ly/٣iziYLn (سەردان: ١٢/ ١٢/ ٢٠٢٣).

[٣] مەلا عوسمان سوفی شەریف، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٤] مەلا عەلی کۆکۆیی، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٥] چاپێکی کۆنی ئەو بەرهەمە لە ئەرشیفی بەجێماوی مەلا سەید ئەحمەدی تاوگۆزیدا هەیە کە دانەر پێی بەخشیوە، ناوبراو هاورێی فەقێیەتی مەلا یوسف بووە و چاپەکەش ئێستاش لە ئەرشیفی ناوەندی کوردستانی زانکۆی سلێمانییە.

[٦] مەلا عەبدوللەتیفی بامۆکی، هانەسوورە، ل ٤٨.

سەردەمێك لە مەدرەسەی گوندی پریس خوێندوویەتی و فەقێ بووە، هەر بەم هۆیەشەوە ئاشنایەتی و پێگەی تایبەتی لای "مەلا عەبدولعەزیز" هەبووە، هەر ئەمەش وای کردووە لەکاتی کوشتنیدا، "مەلا عەبدولعەزیز" بەئاشکرا نارەزایەتی دەربڕیوە و بەرگری لێ کردووە[١]، تەنانەت "مەلا عومەر"ی کوڕی دەگێڕێتەوە کاتێك شێخانی بیارە داوای پشتیوانییان لێ کردووە لە "هەرای گڵێجاڵ"، ئەویش بەڕەقی وەڵامی داونەتەوە و وتوویەتی "مەلایەکی دوازدە عیلم کوژراوە هێشتا ماوە بچنە سەریشیان"؟![٢]، ئەمە لەکاتێکدا ناوبراو پەیوەندی زۆری لەگەڵ خانەقای بیارەدا هەبووە [٣]. بەپێی دابەشکاریی ساڵانی چلەکانیش گوندی پریس بەر "حامی بەگی جاف" کەوتووە، هەر ئەویش ئاشێکی تەرخانکردبوو بۆ سەرچاوەی داهاتی مەدرەسەی گوندەکە[٤]، بەڵام ئەوە باوە "مەلا عەبدولعەزیز" هیچ دیارییەکی لە حامی بەگ قبوڵ نەکردووە[٥].

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] نامەیەك.. ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ١٠٥١٢، D.K٠٢.

[٢] چاوپێکەوتنی تۆفیق کەریم لەگەڵ مەلا عومەر عەبدولعەزیز، سنە، ٢٨/ ٢/ ١٩٩٨.

[٣] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، رۆژگاری.. س.پ، ٢٠٨.

[٤] عماد عبدالسلام، ***مراكز ثقافية مغمورة في كردستان***، (أربيل: مؤسسة موكرياني، ٢٠٠٨)، ص ٤٢؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، رۆژگاری ژیان، ل ٢٠٨.

[٥] مەلا عوسمان سۆفی، چاوپێکەوتن.. س.پ.

## ـ مەلا عابدی عەبابەیلێ

له یەکێك لەدەستخەتەکانی "مەلا یوسف" دا، ستایشی زۆری "مەلا عابد" هاتووە و بە مامۆستا و باوکی خۆی ناساندوویەتی (العابد حقیقةً)[1]، ئەم مامۆستایە لای "مەلا قادری سۆفی" مۆڵەتی وەرگرتووە، کەسێکی ناسراویش بووە بە خوا پەرستی و خزمەتکردنی حوجرەی فەقێیان و لە ساڵی ١٩٤٣ کۆچی دوایی کردووە کە دەکاتە سێ ساڵ بەر لە کوژرانی "مەلا یوسف"[2].

## ـ مەلا حەسەنی عەبابەیلێ

له یەکێك له دەستخەتەکاندا "مەلا یوسف" ئاماژەی بە "الأستاذ حسن" کردووە[3]. کە "مەلا حەسەن حەمە ڕەحیم" ـە. ناوبراو جێگرەوە و خۆشەویستی "بابا رەسوڵی بێدەنی" بووە له حوجرەی عەبابەیلێ، تا کۆتایی ژیانیشی  له ١٩٦٤ ز مودەڕیسی فەقێ و وتاربێژی مزگەوت بووە، بەکەسێکی راساڵیش ناوی ڕۆیشتووە[4]. هەندێ لە هاوتەمەنەکانی "مەلا یوسفی گڵێجاڵی"، باس لەوە دەکەن لە قۆناغی "موستەعید"ی ماوەیەك لای ئەم مامۆستایە وانەی خوێندووە[5].

---

(1) ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، زانکۆی سلێمانی، D.K.١٥٨، ٣٣٦٥٥.
(2) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ل ٢٠٩.
(3) ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٥٥، D.K ١٥٨.
(4) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ل ٢٠٩.
(5) مەلا حەمەئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن، س.پ.

## ـ بابە شێخی ئەڵمانە

لەو ماوەیەی لە "ئاڵمانەی"ی مەریوان بووە، لە مزگەوتی بابە شێخی ئەڵمانە فەقێبووە [١]. زانیاری لەبارەی ئەم وێستگەیە بەردەستنییە.

## مەلا ساڵحی گەورە

کۆتا مامۆستای "مەلا یوسفی گڵێجاڵی" کەسایەتی و زانای ناسراوی دەڤەری هەڵەبجە، "مەلا ساڵح عەبدولکەریم" ـە، کە بە "مەلا ساڵحی گەورە" بەناوبانگە، هەر لای ئەویش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە. لە پاش کوژرانیشی، مامۆستاکەی هەمیشە بەنموونە هێناویەتییەوە بۆ ئەو فەقێ و مەلایانەی لە گڵێجاڵ و دەوروبەرییەوە روویان لەتریفە کردووە و ستایشی توانا ئازایەتی کردووە [٢]، لەناو هاوتەمەنەکانی "مەلا یوسف" یشدا لە گڵێجاڵ وا بڵاوە "مەلا ساڵحی گەورە" هێندە "مەلا یوسف"ی خۆش ویستوە، هەمووجار لە حوجرەی تریفە وتوویەتی "حەزرەتی یوسف بانگێکمان بۆ بدە" [٣].

"مەلا ساڵحی گەورە" یەکێکە لە رێبەرەکانی حوجرە و فەتوا لە دەڤەری هەڵەبجە و سلێمانی. بەپێی مۆڵەتنامە بەردەستەکانیش ژمارەیەك مەلای ناوداری پێگەیاندووە، وەك "مەلا محەمەدی رەبیعی، مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و مەلا عەبدولعەزیزی پاڕەزانی".

---

(١) مەلا فایەقی شارەزووری، چاوپێکەوتن.. س.پ.
(٢) مەلا جەلالی مەلا ساڵح، چاوپێکەوتن، س.پ.
(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەمنە شێخ عارف، زەڕایەن، ٩/ ٦/ ٢٠٢٠.

## فەقێکانی مەلا یوسف

پاش تەواوکردنی قۆناغی "سوختە"یی لە حوجرەکانی هەڵەبجە، "مەلا یوسف" وەك "موستەعید" وانەی بەهەندێ فەقێ وتووە، ئەمەش نەریتێکی باوی ناو حوجرەکان بووە، یەکێك لەوانەش ناوی "حەمە تۆفیق دەروێش" ـە، کە لەمزگەوتی تەکیەی گەڕەکی جووەکانی هەڵەبجە، "تصریف الزنجاني" لەلا خوێندووە[١].

هەروەها هەندێکی تر لە هاوچەرخەکانی، "مەلا یوسف"یان دیوە لە حوجرەی عەبابەیلێ لای "مەلا حەسەن حەمە ڕەحیم" موستەعید بووە، لەو مەدرەسەیەشدا دەوروبەری شەش سوختە لای موستەعیدەکان وانەیان خوێندووە، یەکێك لەوانەبێژەکانیش ئەو بووە[٢]. هەر لەم قۆناغەشدا کتێبی "مغني المحتاج" ی کڕیوە بە دوو دینار و ٦٥٠ فلس[٣]، ئەم سەرچاوەیەش یەکێە لە گرنگترین راڤەکانی "الخطیب الشربیني" یە لەسەر فیقهی مەزهەبی شافیعی لە دوو توێی "منهاج الطالبین" ی "النووي"، کتێبەکەش لە دوا قۆناغەکانی فەقێیەتیشدا خوێنراوە، بەلێکدانەوەی دۆخی دارایی و ئابوری ئەوکاتیش نرخی ئەم چوار بەرگە نزیکە لە داهاتی چوار مانگی هەر تاکێکی عێراق لەوکاتەدا، ساڵانە لە ١٠ دینار تێپەڕی نەکردووە[٤].

---

[١] حەمە تۆفیق دەروێش ئەبوبەکر، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] مەلا حەمەئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن س.پ.

[٣] ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٥٥، D.K١٥٨.

[٤] جعفر خیاط، ***القرية العراقية*** (بغداد: المجمع العلمي ١٩٥٠)، ص ٢٥.

## مۆڵەتوەرگرتنی مەلایەتی

زۆربەی گێڕانەوەکانی خەڵکی "گڵێجاڵ" لەوەدا هاوڕان مۆڵەتوەرگرتنی "مەلا یوسف" و "مەلا سەعید"ی ئامۆزای باوکی لە ماوەیەکی نزیکدا بووە، ئەوەش زانراوە هی "مەلا سەعید" لە ١٩٤٥ دایە [1]، زۆرجاریش بەیەکەوە گەڕاونەتەوە و لە هەندێ حوجرەش پێکەوە خوێندوویانە[2]. "مەلا سەعید" جگە لە پریس و مەریوان بەشێوەیەکی سەرەکی لەبیارە ماوەتەوە و مۆڵەتی وەرگرتووە[3]، بەڵام "مەلا یوسف" پاش نیگەرانییەکەی بیارە لەگەڵ کۆمەڵێك فەقێی تر ڕووی لە عەبابەیلێ و حوجرەکانیتری هەڵەبجە کردووە[4]. شایەتحاڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو سەروبەندەی "مەلا یوسف" و "مەلا سەعید" پاش مۆڵەت وەرگرتن گەڕاونەتەوە بۆ گڵێجاڵ، بریار بووە، ئاهەنگی مێزەربەستنەوەیان بۆ سازبکرێت و ئامادەکاریی بۆ ئەم مەبەستە کراوە، بەڵام کوشتنی "مەلا یوسف" بۆنەکەی تێکداوە[5].

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، رۆژگاری ژیان، ١٩٩.

[2] حەسەن عەبدولکەریم، ژیان بە کوێرەوەری، ل ٢٤٠؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حاجی محەمەد یوسف، حاجی محەمەد یوسف گڵێجاڵی، دەربەندیخان، ٥/٢٩ /٢٠٢٠.؛ مەلا عەبدوڵڵای حمە وەیس، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[3] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، رۆژگاری ژیان، ل ١٩٩؛ مەلا عومەر عەبدولعەزیز، نامەیەك، ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، D.K١٥٧.

[4] حەسەن عەبدولکەریم، ژیان بە کوێرەوەری، ل ٢٤٠.

[5] مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ مەلا عەبدوڵڵا حمە وەیس، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ.

بەگوێرەی گێڕانەوەکان لەوکاتانەشی "مەلا یوسف" بە میوانی گەڕاوەتەوە گلێجاڵ، هەندێ کاری مەلایەتی کردووە؛ ژنی بۆ خەڵك مارە بڕیوە[١]، لەو وێنەیەشی لێی بەجێماوە مێزەری سپی لەسەرە و جوببەی مەلایەتی لەبەردایە، لەو دەستخەتانەشی بەجێماون هەڵگری نازناوی مەلایە[٢]. قسەیەکی بڵاویش لەناو هاوتەمەن و هاوچەرخەکانیدا هەیە کە بڕیار بووە لەپاش مۆڵەت وەرگرتنەکەی لەکاروباری میریدا لە هەڵەبجە دەستبەکار بێت و دابمەزرێت[٣]، باس لەوەش دەکرێت "کەسێکی زۆر بەکەڵك و خەمخۆریش بووە بۆ ئاواییەکەی و دەنگی گەیاندوون و چاوساغی خەڵکەکەی کردووە لە فەرمانگەکانی میریی هەڵەبجە بەتایبەت لە کاروباری دەرهێنانی ڕەگەزنامە، ئامار و ناونووسی کۆبوونی خۆراك (التموینة) و هەر کاروبارێکی تری گوند کە کەوتووەتە دەزگا میرییەکانی هەڵەبجە[٤].

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] چاوپێکەوتنی حاجی مەحمود لەگەڵ محمەدی مەلا فەرەج، زەڕایەن، ٢٣/٧/ ٢٠٠٨.

[٢] ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٨٠، ١٥٩ D.K.

[٣] فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ عەبدولرەحمان فەتحوڵلا، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ باوا ساڵح، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ئەورەحمان فەتحوڵڵا یوسف، زەڕایەن، ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠؛ مەحمود عەلی محەمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەد ئەحمەد بەیخان، زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/١١؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ زەریف قادر محەمەد، زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/١١؛ محەمەدی مەلا فەرەج، چاوپێکەوتن.. س.پ.

## بەشی دووەم: کوشتنی مەلا یوسف و تاڵانکردنی گڵێجاڵ پەلهاویشتنی شێخەکان و کێشەی موڵکداری

له سەردەمی پاشایەتیدا شێخ و دەرەبەگەکان لە هەرە چینە باڵادەستەکانی دەوڵەت بوون، ئەمەش سیاسەتی بۆ ماوەیی عوسمانییەکان بووە بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری قەڵەمڕەوییان، بەڵام شێخەکان لە پەنا پێگە دنیاییەکەیاندا، خاوەن پێگەی ئایینیش بوون بەوپێیەی مورشید و ڕابەری ڕۆحیی تەریقەتبوون، هەندێکیشیان وەك پزیشکی میللی و نوژدار (حکیم) کاریانکردووە و چارەسەری خەڵکیان کردووە، هەروەها وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، حوجرەشیان بۆ خوێندنی فەقێ هەبووە، بەم هۆیەشەوە کۆمەڵێکی زۆر مامۆستای ئایینی بە پشتیوانی و کۆمەکی ئەوان خوێندنی حوجرەیان تەواوکردووە، بەشی زۆری ئەوانەش بوونەتە موریدی تەریقەت و هەواداری شێخەکان[١].

لە سنووری هەڵەبجە، کە شێخ و دەرەبەگیشی تێدا بووە، پۆلێنێك هەیە شێخانی نەقشبەندی دابەشدەکات بۆ، دوو گرووپ؛ یەکەم، لەگەڵ زوهد و پشتکردنە دنیادا بوون، دووەم، "ئایینی بەرژەوەندیگەرا" بوون و هەوڵیان داوە "دەستکەوتی دنیا بەدەستبهێنن بۆ سوودی تەریقەت"[٢]، بەپێی ئەزموونی مێژوویی و

---

[١] بڕوانە: لقمان محمد، پێگەی شێخانە نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە، ١٩١٨_١٩٥٨" نامەی ماستەر، بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣، ل ١٣٠_١٣١.

[٢] بەپێی ئەم پۆلێنە کە هی کەسایەتییەکی بنەماڵەکە و خەڵکی دیکەیە؛ شێخە زاهیدەکان بریتی بوون لە "سیراجەدین عوسمانی یەکەم، زیائەدین عومەر، عەبدولڕەحمانی ئەبولوەفا، شێخ نەجمەدین"، ئەوانەشی "ئایینی بەرژەوەندیگەرا"

ئەو تۆمارانەشی هەن، هەندێك لە شێخەکان "دەرەبەگی تەواو" بوون و هاوبەشی ڕەنجەشانی جوتیاران بوون لە زەوی و باخەکانیان، ئەمەش بووەتە سەرچاوەی هەندێك کێشەو پێکدادان[1].

بەشێك لە هۆکاری پەلهاویشتنی شێخەکانی هەورامان بەرەو زەوی جوتیار و گوندنشینەکان و تاپۆکردنیان لەسەر خۆیان، دەشێت بۆ فراوانبوونی ژمارەی خێزانەکانیان و ئەندامانی بنەماڵەکانیان بگەڕێتەوە، بۆ نموونە "شێخ عوسمانی یەکەم" (١٧٨١_١٨٦٧ز) لە ژیانی خۆیدا ١٨ هاوسەرگیری کردووە[2]، هەروەها شێخەکانی پاش ئەویش هەر خێزانەکانیان بەفراوان بووە، لەم بوارەشدا "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" ئەوەی ساغ کردووەتەوە، کە خێزان و هاوسەرگیرییەکانی شێخەکانی پاش "سیراجەدینی یەکەم" بەم شێوەیە بووە: "شێخ عومەر" ١٢ هاوسەرگیری (١٨٣٩_١٩٠٠ز)، "شێخ نەجمەدین"، هەشت هاوسەرگیری (١٨٦٣_١٩١٩)، "شێخ عەلادین" لە

بوون، لەگەڵ ئەوەدا بوون دەستکەوتی دنیا بۆ تەریقەت بەدەستبهێنن و بریتی بوون لە "محەمەد بەهادین، ئەحمەد، حیسامەدین، شێخ عەلادین، عوسمانی دووەم". بڕوانە: موستەفا ئیبراهیم زەڵمی، ***کاروانی ژیانم*** (هەولێر: تەفسیر، ٢٠١٨، چاپی٣) ل ٥٢١؛ بڕوانە: لقمان محمد پێگەی شێخانە نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە، ل ٤٥.

[1] حەمە کەریم هەورامی، چیرۆکی من و گوندەکەم (هەولێر: رۆشنبیر، ٢٠١٦.)، ل، ب١، ١٨_٣٣؛ مارتن ڤان برونسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی کوردۆ عەلی (سلێمانی: چ. حەمدی، ٢٠١٠) ب٢، ٣٦٢، مستەفا زەڵمی، کاروانی ژیانم، ل ٣٨، ٤٤٤_ ٤٤٧؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، رۆژکاری ژیان، ل ٢٢٧.

[2] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ***یادی مەردان*** (بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٠)، ب٢، ٣١، ٣٥.

شەش هاوسەرگیری منداڵی بووە (١٨٦٣_١٩٥٤)[١]، لەنێو ئەمانەشدا ئەگەر "شێخ عەلادین" بە نموونە وەربگیرێت کە شێخێکی موڵکدارە [٢]، ئەوا؛ ٢٤ منداڵی لە هاوسەرگیرییەکان بووە کە ١١ یان کوڕن[٣]، ئەم فراوانبوونە خێزانییەش وایکردووە نەوەکانیان بچنە دەرەوەی هەورامان بۆ نیشتەجێ بوون، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەوڵیانداوە نشینگە نوێیەکانیان بکەن بە ناوی خۆیانەوە. بەپێی نەریتی باویش شێخەکان چووبێتنە هەر جێگایەك کردویانە بە هیخۆیان[٤]، ئەمەش لە ناو بەرەی شێخە موڵکدار و بەرژەوەندیگەراکانی بنەماڵەکەدا نموونەو پێشینەی هەیە، وەك شێخ "محمد بهاء الدین" کە دەگێڕنەوە بەر لە مردنی (١٨٨٠ز) بە پاڵپشتی بەگەکەکان، گوندی گوڵپی لەسەر خۆی تاپۆ کردووە[٥]، لە بەڵگەنامە فەرمییەکانی عوسمانیشدا ١٦٠٠ دۆنم لە زەوی ئەم گوندە بەناوی شێخ عەلی کوڕییەوە کراون [٦]. هەروەها "شاکر فەتاح" ی قایمقامی ساڵانی چلەکانی هەڵەبجە باسی لەوە کردووە هەوڵی هەندێك لە شێخزادەکان بۆ تەملیکی زەوی دوو کوژراوی لێ کەوتووەتەوە [لە گلێجاڵ] [٧]، لە زەڵم و هەورامانیش

---

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢، ١٥٥، ٢٨٤، ٣١٤، ٣١٥.

[٢] بڕوانە ماستەرنامەی پێگەی شێخانی نەقشبەندی، لا ١١١.

[٣] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢، ٣١٤_٣١٥.

[٤] بڕوانە ماستەرنامەی پێگەی شێخانی نەقشبەندی، ل ١٠٧.

[٥] حمە کەریم هەورامی، چیرۆکی من، ل ١٨، ٣٣.

[٦] نەوزاد یەحیا باجگر، ***سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا***، وەرگێڕانی ئاشتی ئەحمە***د،*** (سلێمانی: زانکۆی جیهان، ٢٠١٩) ب،٩، ل ١٠٩.

[٧] ***ئاوێنەی ژینم*** (هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣)، ل ٤٨٣.

چیرۆکی هاوشێوە زۆرن و بەسەرهاتی تاپۆکردنی زەوییەکانی ماڵی "مستەفا زەڵمی" نموونەیەکی دیکەیە و دواتر ئاماژەی پێدەکرێت[١]، سەرباری ئەمە، دەگێڕنەوە لەناو شێخەکانی نەقشبەندیدا بەرەی زاهیدەکان خۆیان لە موڵکداری بەدوورگرتووە، لە نموونەی ئەوانەش "شێخ ئەحمەد" و "شێخ عومەر" ی کوڕانی "شێخ سیراجەدین"[٢]، ئەوەش لە "شێخ عەلادین" دەگێڕنەوە داوایکردووە خزمەتی ئەو خزمانەیان نەکەن کە لە پەنا تەریقەتدا زەوی دەبەن [٣]، هەندێك لە مەلاکانی ئەوکاتەش تاپۆکردنی زەوی جوتیاریان لەسەر شێخەکان حەرامکردووە، بەڵام هەندێکی تر بە شەرعییانزانیوە بەو پێیەی وتویانە بەرهەمی ئەو زەوییانە بۆ حوجرەی فەقێیان و ڕێبوارانی نێو خانەقاکانە و بۆ بەرژەوەندی تایبەت و تاکە کەس نییە [٤].

"مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" لە کێشەکانی تاپۆی زەوی ئۆباڵ دەخاتە ئەستۆی شێخزادەکان، کە پاش گەورەبوونیان "مەشرەبیان موخالیفی مەشرەبی قەدیم بوو و ئیستیلا [کۆنترۆڵ]ی هێزی شێخیان کردبوو و بە ئارەزووی خۆیان ئەیانویست ڕەفتار بکەن.."[٥].

---

[١] بڕوانە: مستەفا زەڵمی، کاروانی ژیانم، لا ٤٤٤ _ ٤٤٧.

[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٢٧٧؛ محەمەد ئەمین هەورامانی، ***هەندێك لە لاپەڕەکانی ژیانم*** (سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٤)، ل ٣٤؛ حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من، ل١٢٢،١٢٣.

[٣] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢، ل ٨٧_٨٨.

[٤] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢، ل ٨٧_٨٨.

[٥] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، ب١، ل ٢٢٧_٤٤٨.

## شێخ و دەرەبەگ لە پشتکێوی بەمۆ

بەپێی زانیارییەکان یەکەم خانەقای شێخانی نەقشبەندی هەورامان، لە گوندی "گمە" (٣٢کم لە باشووری هەڵەبجە) کە دراوسێی "گڵێجاڵ"ـە ، دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ز لەلایەن "شێخ عومەری نەقشبەندی" یەوە دروستکراوە، ئەم مێژووەش پێش دروستکردنی خانەقای گەورە و بەناوبانگی بیارە بووە [١]، هەروەها شێخانی نەقشبەندی پێیان لەم خانەقایە و لە گوندەکانی "گمە" و "پشتە" نەبڕیوە لەو ناوچەیە[٢]، بەتایبەت "شێخ عەلادین" کە وەك مورشید و ڕێبەرێکی ئایینی هاتوچۆی ناوچەکەی زۆر هەبووە [٣].

وادیاریشە شێخەکان لەگەڵ هاتنیاندا بۆ پشتکێوی بەمۆ پەیوەندییان لەگەڵ زۆربەی خەڵکی ناوچەکە درووست کردووە، بەتایبەت گڵێجاڵییەکان، هەرچەندە "مەلای مودەڕیس" باسی لەوە کردووە "شێخ عەلادین" تا سەرەتای چلەکان پەیوەندی لە گڵێجاڵدا لاواز بووە[٤]، بەڵام لەوە بەدواوە گێڕانەوەکان باس لە زۆری ژمارەی

---

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب ٢، ل ١٦١. پێشەکی شێخ مەحمود شێخ صاحب لە کتێبی کوانووی خەبات، نووسینی فایەق هەڵەبجەیی (سلێمانی: تایبەت، ٢٠٢٠)، ل ١٤_١٥.

[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب ٢، ل ١٦١؛ شێخ مەحمودی شێخ صاحب، س.پ، لا ١٤_١٥.

[٣] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ل ١٢٩.

[٤] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ل ٢٢٨.

سۆفی و موریدەکانی نەقشبەندی دەکەن لە ئاواییەکە[١]، موریدەکانیش لە گڵێجاڵەوە هاتوچۆی خانەقاکانی گمە، پشتە و بیارەیان کردووە بۆ وەرگرتنی ڕێنوێنی و چارەسەری پزیشکی میللی[٢]. لە پەنا ئەمانیشدا هەندێك خەڵك لە پشتکێوی بەمۆ شوێنکەوتەی تەریقەتی قادری بوون، بەڵام ئەوان لە لایەك لە بەری رۆژهەڵاتی کوردستان بوون و لە سنووری عێراقدا نەبوون، لە لاکەی تر دەسەڵاتیان کەم بووە و وەك نەقشبەندییەکان موڵکدار نەبوون[٣].

جگە لە شێخانی نەقشبەندی، "وەسمانبەگی عەولا بەگ"ی سەرۆکی شەرەفبەیانی (١٨٩١_ ١٩٦٨ز)، موڵکدار و دەستڕۆیشتووی ناوچەکە بووە و لە ئێران و عێراقیش پێگە و ناوبانگی هەبووە[٤]. "وەسمانبەگ" دۆست و نزیکی شێخانی نەقشبەندی بووە، هەردوولاشیان پێکەوە دەسەڵاتدار و موڵکداری ناوچەکە بوون، ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکەم هاوسەری " سیراجەدینی یەکەم"، لە بەگەکانی شەرەفبەیانییە، هاوسەری شەشەمی "شێخ عەلادین"ی کوڕەزای ئەویش؛ هەر لەم بنەماڵەیەیە، هەروەها کچێکی "شێخ عەلادین"یش هاوسەری "عەلی ئیحسان" ی کوڕی "وەسمان

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ حەمە عەلی سۆفی محەمەد، زەڕایەن، ٤/ ٧/ ٢٠٢٠؛ چاوپێکەوتنی سیروان عەباس لەگەڵ، عەباس عەبدولقادر ئەوڕەحیم، هەولێر، ١٠/ ٧/ ٢٠٢٠ ؛ چاوپێکەوتنی مریەم فەتحوڵڵا یوسف، زەڕایەن، ٧/ ٦/ ٢٠٢٠.

[٢] چاوپێکەوتنی خاسێ حەسەن، زەڕایەن، ٩/ ٦/ ٢٠٢٠.

[٣] چاوپێکەوتنی عەزیز محەمەد ئەحمەد، گڵێجاڵ، ٢/ ٧/ ٢٠٢٠.

[٤] جەلال هۆرێنی، ***ڕاپەڕینی جوتیارانی هۆرێن*** (سلێمانی: چ. بینایی، ٢٠٢١) ل ٢٣.

بەگ" بووە[١]. بەپێی گێڕانەوەکانیش لە دابەشکاری نێوان دەرەبەگ و شێخدا ئەوانەی سۆفی و مورید بوون حەزیان بەوە کردووە شێخ سەرپەرشتی زەوییەکانیان بکات، ئەوانەشی سۆفی نەبوون لە ژێر هەژموونی وەسمان بەگدا ماونەتەوە[٢]، ئەم دابەشکارییەش هاوکێشەی هێزی عێراق بووە لە سەردەمی پاشایەتیدا.

## کێشمەکێشی شێخ و دەرەبەگ

بۆچوون و ئەنجامگیرییەکی باو هەیە کە شێخانی موڵکدار و دەرەبەگەکان هەندێك بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبووە، بە قسەی ئەفسەری بەریتانی "ئەدمۆندز" کە چووەتە هەورامان، شێخەکان لە ساڵانی بیستەکاندا، لە ڕێگای بەکارهێنانی نفوزی ئایینییەوە پێگە و ئاستی خۆیان وەك سەرۆك هۆز لێکردووە[٣]. لە بناری بەمۆشدا لەنێوان هەندێك لە شێخەکان و دەرەبەگەکاندا پەیوەندی ژنوژنخوازی هەبووە[٤]، ئەوەش دەگێڕنەوە کاتێك جوتیارانی "هۆرێن" و "شێخان" لە دەرەبەگ ڕاپەڕیون، "شێخ عەلادینی نەقشبەندی" (م.١٩٥٤ز) ئامۆژگاری سۆفییەکانی کردووە ڕازین بەوەی تاپۆی زەوییەکانیان بەناوەی "وەسمان بەگ"ی شەرەفبەیانییەوە بێت، بەڵام

---

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢، ل ٣١، ٣١٥؛ جەلال هۆرێنی، ڕاپەڕینی جوتیاران، ل ٧٦_٧٧.
[٢] حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ.
[٣] ***کردها، ترکها، عربها***، ترجمه، ابراهیم یونسی (ایران: انتشارات روزبهان، ١٣٨٣)، ل ٢٤٠.
[٤] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان ب٢، ل ٣١_٣٢، ١٥٤، ٢٨٤، ٣١٤، ٣١٥.

ئەوان قایل نەبوون و وەڵامیان داوەتەوە[1]، سەرباری ئەمانەش هەردوولا لە وردەکارییدا لەسەر تاپۆکردنی زەوی ناکۆکییان هەبووە، لەم میانەیەشدا بەپێی بەڵگە بەردەستەکان لەساڵی ١٩٥٤ هەریەك لە "شێخ عەلادینی نەقشبەندی" و "شێخ موحسینی شێخ عەینەدین" لە هەمان بنەماڵە، لەگەڵ "وەسمانبەگی شەرەفبەیانی"، بۆ تاپۆکردنی زیاتر لە ١١٩٨ دۆنم زەوی "گڵێجاڵ" لەسەر خۆیان (بان مەیدان و دەشت)، بە جیا تانەیان پێشکەش بە دادگا کردووە، سەرەنجامیش داواکاری هەر سێ لایان ڕەتکراوەتەوە زەوییەکان بە بڕیارێك دراوەتە وەزارەتی دارایی (١٠/ ٤/ ١٩٥٤) [2].

هەر بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکان (القرار التمییزي ١٢٨٥/ ٥٨ _ ١٩٥٩/٤/١٥)، لە ڕێکەوتی ١٩٤٠/١١/١٩دا حکومەتی بەغدای سەردەمی پاشایەتی، ١١ پارچە زەوی کشتوکاڵیی گوندی "گلێجاڵ"ی بۆ "شێخ عەلادینی نەقشبەندی"، تەرخانکردووە (پارچەکانی ٣١_ ٤٢ لە کەرتی ٤٦ ی قەزای هەڵەبجە)، ئەم ڕووبەرە زەوییەش یەکسانە بە ٢٨١ دۆنم لە تۆمارەکانی ئێستای کشتوکاڵدا. هەر بەپێی بەڵگەنامەکان نارەزایی و ناکۆکیش لەسەر خاوەندارێتی ئەم زەوییانە، نزیکەی ٢٠ ساڵ درێژەی کێشاوە[3]. لای خۆشییەوە دەرەبەگی

---

[1] ئەحمەد بانی خێلانی، ***بیرەوەرییەکانم*** (سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤)، ل٨٣؛ جەلال هۆرێنی، ڕاپەڕینی جوتیارانی هۆرێن و شێخان، ل ٧٦.

[2] بڕوانە: الوقائع العراقیة، العدد ٣٥٦٤، ١٤ شباط ١٩٥٥، ملحق، لواء السلیمانیة، قضاء حلبجة، رقم المقاطعة ٤٦ (کلیجان).

[3] الوقائع العراقیة، ٣٥٦٤، ١٤/ ٢/ ١٩٥٥؛ القرار التمیزي ٥٥/ ١٢٨٥ له ١٥/ ٤/ ١٩٥٩.

ناوچەکە؛ "وەسمانبەگی شەرەفبەیانی"، بە هەمانشێوە، لە ڕێگەی دادگاوە هەوڵیداوە زەوییەکانی ئاواییەکە لەسەرخۆی تاپۆ بکات[١]، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەندێك کەسی وەك ئامرازی گوشار ناردووەتە سەر ماڵەکانی "گڵێجاڵ"[٢]، بەڵام خەڵکەکە ملیان بۆ هەڕەشەکان نەداوە و چەند چیرۆك و بەسەرهاتێکیان لەم بەربەرەکانێیەدا لەگەڵ "وەسمانبەگ" هەیە[٣].

## گواستنەوەی ماڵی شێخ بۆ گڵێجاڵ

لە گەرمەی ململانێکانی شێخ و دەرەبەگ لە سەر تاپۆی زەوی، لە کۆتاییەکانی بەهاری ١٩٤٦ یەکێك لە کوڕانی "شێخ عەلادینی نەقشبەندی" بەناوی "شێخ زاهید" لەهەورامانەوە ماڵی بردووەتە "گڵێجاڵ"، لەوکاتەشدا هاوین بووە و ماڵەکان لە دەشت لە ناو کەپردابوون، ئەمەش بووەتە سەرەتای گرژییەك کە لە کۆ یادەوەری خەڵکی ئاواییەکەدا بە "ساڵی هەراکە" بەناوبانگە.

زانیارییە بەردەستەکان ئەوە دەردەخەن "شێخ زاهید" دایکی (زوبەیدە) کچی "مستەفا خانی باوەجانی" بووە، لەناو ١١ کوڕەکەی "شێخ عەلادین" یشدا، لەسەر جێنشینی باوکی لە پلەی شێخایەتی، ڕکابەری "عوسمانی سراجەدینی" برای کردووە کە دایك جیازەیە و

[١] بڕوانە: الوقائع العراقية، العدد ٣٥٦٤، ١٤ شباط ١٩٥٥، ملحق، لواء السليمانية، قضاء حلبجة، رقم المقاطعة ٤٦ (كليجان)؛ القرار التميزي، ٥٨/ ١٢٨٥، له ١٥/ ٤/ ١٩٥٩.

[٢] حەمە عەلی سۆفی محەمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٣] بڕوانە: کۆمەڵێك توێژەر، گڵێجاڵ لە بەڵگەنامەوە بیرەوەرییەکاندا، ل ٨١_٨٣.

خاڵەکانی لە خانەکانی "سەوڵاوا"ی نزیك سنەیە[1]. "زاهید" لە پرۆژەی شێخایەتی زیاتر پشتئەستوور بووە بە پشتیوانی خەزوورانی و خاڵەکانی، لەوانەش "مستەفا خانی باوەجانی"، کە داکۆکی زۆری لێ کردووە و هەوڵی بۆ داوە تا ببێتە شێخی گەورەی نەقشبەندی[2].

بەپێی گێڕانەوەکان، "شێخ زاهید"، ماڵەکەی و دوو پیاوی خزمەتکار بە ناوەکانی "حەمە چەتە" و "حەمە جۆڵە"، لەگەڵ دوو ژنی تر هێناوەتە گوندی گلێجاڵ[3]، لەگەڵ هاتنی ئەم ماڵەشدا، مورید و هەوادارەکانی لە گوندەکە کەپر وماڵیان بۆ دروستکردووە و پێشوازییان لێ کردووە[4]. لەبارەی هۆکاری چوونەکەشی بۆ ئەو گوندە، دوو گێڕانەوە و بۆچوون هەن:

یەکەم، بنەماڵەی شێخ و لایەنگرانیان دەڵێن: لەسەر داوای کۆمەڵێك لە خەڵکی ئاوایی گلێجاڵ لە "شێخ عەلادینی نەقشبەندی" هاتووە،

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب٢، ل ٣١٤_٣١٥؛ محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، ب٢، ل ٤٦٢_٤٦٣.

[2] موحسین موفتی، ***گەوهەری حەقیقەت لە ژیان و کەسایەتی قوتبی تەریقەت شێخ عوسمان***. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٨. ب٤، ل ٩٢، ٢٦٨، ٣٠٦.

[3] حەمە عەلی سۆفی، چاوپێکەوتن س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن س.پ.

[4] فاتم فەتاح، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ عبدالرحمن فتح الله، چاوپێکەوتن.. س.پ، مەحمود عەلی محەمەد.. چاوپێکەوتن.. س.پ.

ئەمەش لە پێناو پاراستنیان لە هەژمموونی "وەسمان بەگی شەرەفبەیانی" [١]، کە ئەوکات دەرەبەگی ناوچەکە بووە.

دووەم، مودەڕیسی بیارە، هۆکارێکی تری باس کردووە و دەڵێت: "شێخ عەلادین" لە قەرەبووی هەندێ زەوی لە گوندی "ئەحمەد ئاوا"ی هەورامان کە سوپا بردوویەتی، هەندێك زەوی ئاوایی گڵێجاڵی وەرگرتووە، ئەمەش لە کاتێکدا [بووە کە] پەیوەندیی لەوێ هێشتا لاواز بوو [٢]، بەڵام "ئەدمۆندز"ی دیبلۆماتی بەریتانی کە ناجۆربوون لەگەڵ "شێخ عەلادین"، باس لەوە دەکات شێخ بە سوود وەرگرتن لە پێگە حکومییەکەی هەندێك زەوی گوندەکانی لەسەر خۆی تاپۆکردووە، بە پێچەوانەی "شێخ عەلی حیسامەدین" کە سوودمەندبوونی لە زەوی و بەرژەوەندیگەرایی نەویستووە [٣].

پێشتریش ئاماژەی بۆکرا "شێخ عەلادینی نەقشبەندی" ماوەی ٥_٦ ساڵ پێشتر و لە ١٩ /١٩٤٠/١١ دا ١١ پارچە زەوی گوندی "گڵێجاڵ" ی (٣١ _ ٤٢) لە بەغدا بەناوکراوە، ئەمەش دەکاتە دەوروبەری ٣ /١ کۆی ڕووبەری ئاواییەکە، وا دیاریشە زەوییانە کێشەیان لەسەر بووە و لە کاتی نیشتەجێبوونی "شێخ زاهید" دا لە "گڵێجاڵ" هەر مۆلەق بووە،

---

[١] موحسین موفتی، ***چەواشەکاری و بێ بنەمایی لەو تۆمەت و بوختانەی بە شێخانی هەورامان کراوە***، ڕۆژنامەی ستاندەر، ژمارە ٣٧، ٧/ ٧" ٢٠٠٩؛ ل ١١؛ ژمارە ٣٨، ٢٠٠٩/٧/١٤، لا ١١؛ باوکی وافی، ***مێژوو بەئاوەژۆیی نابێتە ئاوێنەی واقیع***، گۆڤاری ستاندەر، دەزگای ستاندەر، ژمارە ٣٤، هەولێر، تەممووزی ٢٠٠٨، ل ٣٤.

[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ٢٢٨.

[٣] کردها، ترکها، عربها، ل ١٦٦.

چونکە جارێکی دی لەساڵی ١٩٥٩ (سەردەمی کۆماری) لەرێگای دادگای تەمیزەوە خاوەندارێتییە فەرمییەکەی بۆ شێخ پشتڕاستکراوەتەوە (القرار ١٢٨٥/ ٥٨)[١]. گێڕانەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن هاوشانی ئەم زەوییانەش شێخ خۆی کردووەتە سەرپەرشتیاری زەوییەکانی دیکەی گوندی گڵێجاڵ، بەپێی رێککەوتنیش لەگەڵ میری موڵکانەی لە خەڵك وەرگرتووە[٢]، بەڵام بەپێی زۆر لە گێڕانەوەکان، خەڵکی ئاواییەکە ئاگاداری بەخشینی ١/ ٣ ی ڕووبەری گوندەکەیان بە شێخ و بەناوکردنی نەبوون، بەڵکو زیاتر وەك مورشید و هەروەها قەڵغان بەرامبەر بەگی ناوچەکە تەماشایان کردووە، جگە لەمەش بەشی زۆریان خزمەتکردنی شێخیان بە ئەرکێکی ئایینی لەقەڵەمداوە.

ئەم زەوییانەی لە سەردەمانێکدا لە بەغدا بەناوی "شێخ عەلادین"ـەوە وە کراون کە "محەمەد خالید"ی کوڕی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان) بووە (١٩٣٩_١٩٤٢)[٣]، هەروەها لە سەردەمی پاشایەتیدا بە گشتی، شێخ هاتوچۆی پایتەختی هەبووە، لە سەردانەکانیشیدا چاوی بە پادشاکانی عێراق کەوتووە، جاریش هەبووە زیاتر لە مانگێك ماوەتەوە و گەورە پیاوانی دەوڵەت هاتوونەتە سەردان و پێشوازیکردنی وەك ڕابەرێکی ڕۆحی[٤].

---

[١] الوقائع العراقية، ٣٥٦٤، ١٤/ ٢/ ١٩٥٥؛ القرار التميزي ٥٥/ ١٢٨٥ له ١٥/ ٤/ ١٩٥٩.
[٢] عەزیز محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەلا عەبدوڵڵا حمە حمەوەیس، چاوپێکەوتن س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ.
[٣] بڕوانە: لقمان محەمەد قادر، پێگەی شێخانی نەقشبەندی، ل ٨١.
[٤] بڕوانە: شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم، لا ٢٢٢؛ مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیانم، لا ١٧٥.

هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە لە "شێخ عەلائەدین نەقشبەندی" خۆیەوە دەگێڕنەوە کە دژی بە هیخۆکردن (تملیلك)ی زەوی بووە لەلایەن شێخان و نەوەکانیانەوە، جەختی لەوەشکردووەتەوە بەهیخۆکردن (تاپۆ) "بەبێ موعامەلەیەکی شەرعی و بەناوی ئیرشاد و دیانەتەوە" لادان و سەرپێچیکردنە. هەروەها "شێخ عەلادین" خۆی لەو کەسانەش بێبەریکردووە، کە لە پەنا ئیرشاددا خەریکی تاپۆکردنی زەوی بوون و پێداگریکردووە، ڕێز لەو کەسە نزیکانەی نەگرن کە کاری وا دەکەن و "کۆمەك و خزمەتیان نەکەن"[١].

## دەمەقاڵێی مەلا یوسف و شێخ

بەپێی هەندێك گێڕانەوە، "شێخ زاهید"، سەرەتا لە گوندی گڵێجاڵ ڕێزلێگیراوە، کەپر و ساباتی بۆ دروستکراوە[٢]، ئەمەش بەراورد بەهەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لە موریدی تەریقەت لە ئاواییەکە[٣]، قسەیەکی ڕێتێچووە، بەڵام گێڕانەوەی دیکە هەن دەریدەخەن، لەناو ئاوایی هەمووکەس بەم هاتنەی "شێخ زاهید" خۆشحاڵ و ڕازینەبوون، چونکە پێشتر ئاواییەکە شێخ و دەرەبەگی تیا نەبووە، لەلاکەی دیکە، شێخ وەك خاوەن زەوی (ملاك) مامەڵەی کردووە[٤] و دەڵێن خزمەتکارەکانی موڵکانەی "نۆك" و "نیسك"یشیان لە خەڵك

---

[١] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، ب١، ل ٢٢٧_٤٤٨.
[٢] حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ مستەفا قادر محمد، س.پ.
[٣] مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ عەزیز مەحمود، چاوێکەوتن.. س.پ
[٤] عەباس عەبدولقادر، چاوپێکەوتن.. س.پ.

کۆکردووەتەوە، ئەمەش پێشتر لەو ناوچەیە باو نەبووە و تەنیا مۆڵکانەی گەنم و جۆر وەرگیراوە [١].

یەکێك لە بەرهەڵستکارانی گواستنەوەکەی کوڕی شێخ بۆ گوندی گڵێجاڵ، "مەلا یوسف" بووە، بەقسەی هاوڕێ فەقێکانی ناوبراو هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ شێخەکان جۆر نەبووە و کەیفی پێیان نەهاتووە[٢]، بەتایبەت کە بەدوای هاتنەکەیدا خەڵك کەوتونەتە ژێر بارگرانی خزمەتکردنی ماڵەکەی، جگە لە وەرگرتنی بەروبوومیش کاری دیکەیان بە خەڵك کردووە[٣]، ئەمەش بووەتە مایەی ناڕەزایی هەندێك لە خەڵکی ئاواییەکە و سکاڵا و داد و بێدادیان کردووە[٤]، بە مەبەستی گەیاندنی گلەیی و گازندەو ناڕەزایی دەربڕینیش، سێ کەسایەتی خەڵکی "گڵێجاڵ" کە "مەلا مەحمودی مەلا فەرەج، مەلا سەعید، مەلا یوسف" بوون، چوونەتە ماڵی "شێخ زاهید"، بەڵام لەکاتی دەمەقاڵێدا پەیوەندی "مەلا یوسف" و "شێخ زاهید" تێکچووە، دانیشتنەکەش بە گرژیی لەنێوان ئەو دوو کەسەدا کۆتایی هاتووە[٥]. بەپێی ئەو گێڕانەوانەشی هەن، "مەلا یوسف" ڕەخنەی ئەوەی لە "شێخ زاهید" گرتووە، کە جگە لە زەکات وەرگرتنی خۆی و مۆڵکانە سەندن، هیچ

---

[١] چاوپێکەوتنی حەمید فایەق، لەگەڵ فەتاح محەمەد عەبدوڵڵا، گڵێجاڵ، ١٢/ ٧/ ٢٠٢٠.

[٢] مەلا محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ حمە تۆفیق دەروێش، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ حەسەن عەبدولکەریم، ژیانێکی پڕ کوێرەوەری، ل ٢٤٠_٢٤٥.

[٣] حمە عەلی سۆفی محەمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٤] فەتاح محەمەد عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەحمود مستەفا نادر، زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/٥.

بەتەنگ کێشەکانی ئاواییەکەوە نییە، لە وەڵامیشدا "شێخ زاهید" وەڵامێکی ڕەقی داوەتەوە[١]. ئەوەش لەناو هەندێك لە خەڵکی گڵێجاڵ بڵاوە کە "مەلا یوسف" هۆشداری داوەتە "شێخ زاهید" زەوییەکانی ئاوایی نەکات بەهی خۆی و تاپۆی نەکات [٢]، بە کوڕە شێخی وتووە "ئێمە موڵکی خۆمان نادەین بەکەس و دوایش باج و خەراج و موڵکانە و سەرانە بکەینە مشتیانەوە" [٣]، هەروەها لۆمەی شێخی کردووە، ئەمەش گرژیی لە نێوانیان دروستکردووە[٤]، ئەم گرژییەش سەری کێشاوە بۆ ئاڵۆزبوونی پەیوەندی و مامەڵە لەگەڵ خزمەتکارەکەی شێخ (حەمە چەتە) کە سەرپەرشتیاری کارەکانی بووە لە ئاواییەکە، لەم میانەیەشدا بەپێی گێڕانەوەکان لەگەڵ "مەلا یوسف" دا ڕوبەڕووبوونەوەیان هەبووە، هۆشداری ئەوەی پێداوە دەست لە گەڕان بەسەر ماڵەکاندا هەڵگرێت، لەسەر ئەمەش دەمەقاڵێی و ناخۆشی کەوتووەتە نێوانیان[٥]، بەڵام وادیارە بێئەنجام بووە و گرژییەکەی هەردلاوو وەك خۆی ماوەتەوە و سەرەنجامیش بە ئاکامێکی ناخۆش گەیشتووە کە کوژرانی "مەلا یوسف" و ڕووداوەکانی دوای ئەوەن وەك سووتاندنی ماڵی شێخ و لەشکرکێشی خزمان و موریدەکانی بۆسەر ئاواییەکە کە دواتر ئاماژەیان پێدەکرێت.

---

[١] مەحمود مستەفا نادر، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٢] حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن س.پ؛ محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن س.پ.

[٣] عەزیز محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محەمەد ئەحمەد موئمین، زەڕایەن، ٩/ ١٠/ ٢٠٢٠.

[٥] ئەوڕەحمانی فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ.

## کوشتنی مەلا یوسف

دەوروبەری سێ مانگ پاش نیشتەجێ بوونی "شێخ زاهید" لە گڵێجاڵ، لە ڕۆژێکی چوارشەممەی مانگی ئاب (١١، ١٨، ٢٥) لە ساڵی ١٩٤٦[١]، مەلا یوسف لە تەمەنی لاویدا کوژراوە[٢]. بە پێی گێڕانەوەکان ناوبراو کە بەمیوانی گەڕابوویەوە ئاوایی [٣]، سەر لەبەیانییەك کاتی چێشتەنگا، چووە بۆ دەستنوێژگرتن لە حەوز و ئاوێکی دەشتی گڵێجاڵ (حەوز و بییەکە)، شوێنەکەش هەوارگەی هاوینی خەڵکی گوند بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژنان لەسەر ئاوەکەبوون، بەرەو جێگایەکی تر چووە کە تەنگەبەرییەکە و چەمێکی لەسەرە (تەنگەکە)، لەم کاتەشدا "حەمە چەتە"ی خزمەتکار و مزوری ماڵی "شێخ زاهید"، لەناو تورك و زەمەنی قەراغی ئاوەکە

---

[١] مەلا سەعید ساڵی کوژرانی مەلا یوسفی بە ١٣٦٥ ك/ ١٩٤٦ ز تۆمارکردووە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەهەمانشێوە، یادەوەریی شایەتەحاڵەکانیش هەر ئەو ساڵەیە (١٩٤٦)، بەڵام مەلا محەمەدی برای چوار شەممەیەکی مانگی ذي القعدة ی ١٣٦٦ نووسیوە کە دەکاتە ١٩٤٧، بەڵام دیارە ساڵەکەی دروست نییە. بە رەچاوکردنی رۆژ و مانگەکەی مەلا محەمەدی خەلیفەو ساڵی شایەتحاڵەکانیش، مێژووی کوشتنەکە دەکاتە رۆژانی ١١ یان ١٨ یان ٢٥ ی ١٩٤٦. بڕوانە: رۆژگاری ژیان، ٢٢٨؛ ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، ١٦٠ D.K.

[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، رۆژگاری ژیان، ٢٨٨؛ دەستنووسێکی مەلا سەعیدی گڵێجاڵ، ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، ١٦٠ D.K

[٣] چاوپێکەوتنی حاجی مەحمود لەگەڵ محەمەد سبحان قادر، زەڕایەن، ٢٢/٧/ ٢٠٠٨؛ حەمە عەلی سۆفی محەمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

خۆی بۆ حەشار داوە، دەرفەتەکەی قۆستووەتەوە و بە چەکی بڕنەو تەقەی لێکردووە و بە گولـلە کوشتوویەتی[١].

یەکێك لەوانەی چووەتە سەر تەرمەکەی، دەگێڕێتەوە: خزمەتکارەکەی زاهیدی شێخ بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە لە کۆتاییهاتنی "مەلا یوسف" پاش پێکانی؛ بە چەقۆ دەماری دەستەکانی بڕیوە بۆ ئەوەی ئەگەر گیانی پێمابێت بەخوێنبەربوون بمرێت[٢]، لە زاری باوکیشییەوە دەگێڕنەوە، جگە لە فیشەك خەنجەریشی لێدراوە [٣].

بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەشدا، شیوەن و زایەڵە و بشێوی لەناو خەڵکی ئاوایی دروست بووە، بەتایبەت تا ئەوکات کوشتنی بە ئەنقەست دەگمەن بووە، نەخاسمە ئەگەر مامۆستای ئایینی بێت، ئەوانەشی سەرەتا چوونەتە سەر تەرمەکە لە ڕووەکی "پونگە" تەختێکیان بۆ دروستکردووە، لە قەراغی چەمەکەدا، تا خەڵکی ئاواییەکە لەسەر کارەوە کۆبوونەتەوە، پاشان بەرەو گوندی "پشتە"ی دراوسێی "گڵێجاڵ" بردوویانە کە مەخفەرێکی پۆلیسی لێ بووە[٤].

---

[١] مەلا عەبدوڵڵا حمە وەیس، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ فاتم مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ عەبدولرەحمان فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ زینەت ئەحمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٢] محەمەد سبحان، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ عەزیز محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٣] سەید نەجیبی هانە سوورە، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٤] چاوپێکەوتنی حاجی مەحمود عەبدوڵڵا لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵا یوسف، زەڕایەن، ٢٠٠٨/٧/٢١؛ فاتم مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ زینەت ئەحمەد، س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، س.پ؛ حەمە عەلی سۆفی محەمەد، س.پ.

## سووتاندنی ماڵی شێخ

بەپێی گێڕانەوەکان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی "مەلا یوسف" دا، بشێوی، گریان و شڵەژان ڕووی لە ئاوایی "گلێجاڵ" کردووە. لەم ناڕەحەتییەشدا کەسێك یان دووان لە بنەماڵەی "مەلا یوسف"، لە پەرچەکرداردا ئاگریان لە کەپری ماڵی "شێخ زاهید" بەرداوە لە هەوارگەی هاوینەی ئاوایی لە دەشتی "گلێجاڵ"، هاوسەر و منداڵێکی ناوبراویش، کە لەناو کەپرەکەدابوون، بە شڵەژان و ترسەوە و بەیارمەتی سۆفییەکان ڕزگارکراون[١]. بەپێی هەندێك گێڕانەوەش "شێخ زاهید" کاتی ڕووداوەکە لەناو ئاواییدا نەبووە و پێشتر دەرچووە[٢]، بەڵام شایەتحاڵی تر باس لەوە دەکەن ناوبراو لەوێبووە و بە یارمەتی چواردەورەکەی و موریدەکانی دەربازکراوە[٣].

گیڕانەوە و بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن لە ماڵە سووتاوەکەدا هیچ زیانێکی گیانی نەبووە[٤]، بەڵام ئەو دانەوێڵە و کەلوپەلەی لە ماڵ "شێخ زاهید" عەمبارکرابوون هەمووی سووتاون[٥]. هەر بەپێی زۆر لە گێڕانەوەکان "خەلیفە ئەحمەد" ی باوکی "مەلا یوسف" کە

---

[١] زەریفێ قادر، چاوپێکەوتن، س.پ.

[٢] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی، لا١١؛ عەزیز مەحمود، س.پ.

[٣] حەمە عەلی سۆفی محەمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٤] حەمە عەلی سۆفی محەمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن.. س.پ، فاتمە مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٥] محەمەد سبحان، چاوپێکەوتن.. س.پ.

کوڕەکەی کوژرابوو، بە سواری وڵاخێك، هاوسەری "شێخ زاهید" و منداڵەکەی لە گرژییەکە دەربازکردووە ، دواتریش بە وڵاخی خۆی بردوونی بۆ گوندی "گمە" کە ماڵی "شێخ ئەنوەری شێخ عومەر" ی مامی "شێخ زاهید"ی لێبووە[١]، بۆ پاراستنیان لە پەرچەکردار لە پاش کوشتنەکە و گەیاندنەوەیان بە کەسوکاری خۆیان، شوێنکەوتەکانی شێخیش ئەم گێڕانەوەیە دەسەلمێنن و ستایشی دەکەن[٢]، بەڵام دیارە ئەم هەڵوێستە هیچ قەرەبوویەکی بۆ ڕووداوی سووتاندنی ماڵ و کەپری "شێخ زاهید" نەکردووەتەوە، چونکە بۆ تۆڵە کردنەوەی موریدەکانی پەنایان بۆ کەسوکاری دایکی و هی هاوژینەکەی لە ناوچەی سەلاسی دیوی ڕۆژهەڵات بردووە لە نزیك "گڵێجاڵ"، لەوێ هەواڵەکەیان پێگەیاندوون و سکاڵای سووتانی ماڵەکەیان کردووە[٣]، لە شکرێك لە خاڵوان و خەزوورانی "زاهید" و موریدانی شێخ، بۆ بەهاناوەچوون و تۆڵەکردنەوە چوونەتە سەر "گڵێجاڵ" و تاڵان و کوشتارێکی نوێ لە ئەنجامی ئەم لەشکرکێشییە ڕوویداوە، کە لە کۆیادەوەری خەڵکی ئاواییەکەدا بە "ساڵی هەراکە" بەناوبانگە.

---

[١] زەریفێ قادر، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مستەفا قادر، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی، ٣٧، لا ١١.

[٣] مستەفا قادر حمە، چاوپێکەوتن س.پ؛ عەبدولڕەحمان یوسف،. س.پ؛ ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن..س.پ؛ زەریفێ قادر، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەزیز محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

## گواستنەوەی تەرمەکەی بۆ هەڵەبجە

تەرمی "مەلا یوسف" سەرەتا براوەتە گوندی "پشتە"ی دراوسێی گڵێجاڵ کە بنکەی پۆلیسی لێ بووە، ١_٢ رۆژ لەچاوەڕوانی رێوشوێندا هێڵراوەتەوە و دایکی و خوشکەکەی بەدەست باوەشێنیان کردووە، چونکە لەو کاتەدا کارەبا و ئامێری فێنککەرەوە نەبووە [١]، پاش ئەوە لەسەر پشتی بارێك کا و بە سواری وڵاغی کەسێکی خێرخواز باوکی بردوویەتی بۆ هەڵەبجە[٢]. لە نزیك هەڵەبجە تەرمەکەیان لەسەر حەوز و ئاوی "قوڵقوڵە" لاداوە لە "هانەسوورە"، هەندێك لەوانەی چوونەتە سەر تەرمەکە و دیویانە دەگێڕنەوە کە خەڵتانی خوێن بووەو دوریی رێگاکە و هاوینی گەرم، کاروان و هاوەڵەکانی تەرمەکەی هیلاککردووە[٣]، پاشان بە قسەی "حمەی مەلا کەریم" لە هەڵەبجە ماوەی سێ رۆژ ماوەتەوە پزیشکی داد و "کەس نەچووە بەلایدا، بەهۆی وەستانەوەی دژی شێخەکان"، دواتر فەقێیەکی هاوڕێی بەناوی "حەسەن عەبدولکەریم" لە گۆڕستانی "شێخ ئیسماعیل" ئەسپەردەی کردووە[٤]. ناوبراو یەکێك بووە لەوانەی لە "بیارە" هاوڕێی فەقێیەتی بووە، پاشان بەهۆی نارەزایەتییەوە ئەوێیان جێهێشتووە[٥].

---

[١] فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مریەم فەتحوڵلا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٣] مەلا حەمە ئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٤] محەمەدی مەلا کەریم، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٥] حەسەن عەبدولکەریم، ژیانێکی پڕ کوێرەوەری، ل ٢٤٠.

## تاڵانکردنی گڵێجاڵ

بۆ تۆڵەکردنەوەی سووتانی ماڵی شێخ، لەشکری پشتیوانی "زاهید" لە گوندەکانی "شێخ سێڵە، دەسێردی و بانەبۆری" سەلاسی باوەجانی بەری رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوونەتە سەر ئاوایی گڵێجاڵ[1]، پاش گەیشتنیان بە ئاواییەکە، لەشکرەکە ئەرکەکانیان لە نێوان خۆیاندا بەم جۆرە دابەش کردووە؛ کۆمەڵێکیان زیندەماڵی گوندەکەیان کۆکردۆتەوە لە چەشنی مەڕ، بزن، گا، مریشك، قەل و قاز. کۆمەڵێکی تریان، دەوار، هیزە ڕۆن، کەلوپەلی ماڵ، لەمەشدا جیاوازی کەسیان نەکردووە. هەندێکی تر لە لەشکرەکە بەدوای بنەماڵەی "مەلا یوسف" دا گەڕاون بۆ گرتن و سزادانیان بەتایبەت کە تۆمەتی سووتاندنەکە ڕووبەڕووی "قادر مەلا یوسف" ی مامی "مەلا یوسف" و "تۆفیق مەلا فەتاح"ی ئامۆزازای کراوەتەوە[2].

تاڵانکارییەکە بە جۆرێکە شایەتحاڵەکان دەڵێن هیچ چوارپێیەك لە ئاواییەکە بەجێ نەهێڵراوە[3]، "ئەو ئاژەڵ و پەلەورانەی بەپێ بڕۆن دراونەتەبەر، ئەوەشی بگوازرێتەوە بردوویانن"[4]، لەمەشدا هیچ

---

[1] عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مستەفا قادر محەمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەبدولرەحمان فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەحمود عەلی، چاوپێکەوتن..س.پ؛ حمە عەلی سۆفی محمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

[2] حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن..س.پ.

[3] مەلا عەبدوڵڵا یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[4] محەمەدی مەلا فەرەج، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەحمود مستەفا، چاوپێکەوتن..س.پ.

جیاکارییەکیان نەکردووە[١]، تەنانەت ساوەر و گەنم و بڕوێش کە هۆکاری سەرەتایی ژیانی ئەوکات بوون کۆکراونەتەوە و لەگەڵ خۆیان بە بار بردوویانن[٢] بە تایبەت ئەوکات کە وەرزی پایز بووە و دانەوێڵەی عەمبارکراو بۆ زستان هەڵگیرابوو، تاڵانییەکەش بەجۆرێك بووە، تەنانەت مریشك و جوجەڵەی بەر مریشکەکانیشی گرتووەتەوە بەپێی گێرانەوەکان[٣]، ئەمەش وایکردووە خەڵکی ئاواییەکە مایەپووچ بن و هۆکارەکانی ژیان لەدەستبدەن [٤]، ژمارەشیان لەوکاتەدا زیاتر لە ٣٠٠ _ ٣٢٥ کەس بووە [٥].

پێکهاتەی لەشکرەکە ئەگەرچی خێڵەکی بوون و لەناوچەی "سەلاسی باوەجانی" و گوندەکانی بەری ئێرانەوە هاتوون، بەڵام ئامانجی سەرەکییان ڕاوڕووت و پاساو و هاندەریشیان تۆڵەکردنەوەی سووتانیماڵی شێخ بووە[٦]، ئەوانەشی لەشکرەکەیان دیوە باس لەوەدەکەن، هەندێکیان پێشتر بەهۆی کاری کڕینوفرۆشتنەوە،

---

[١] باوا ساڵح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ زەریفێ قادر، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەحمود مستەفا نادر، چاوپێکەوتن..س.پ، حمەی مەلا فەرەج، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٣] زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٤] ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٥] بڕوانە: وزارة الشؤون الاجتماعية، المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧ (بغداد، ١٩٥٤)، ج٢، ص ١٧٠.

[٦] چاوپێکەوتنی ئەحمەد کەریم عەبدوڵڵا، سیروان، ١٢/ ٦/ ٢٠٢٠.

شارەزای ئاواییەکە بوون [١]، هەندێکیشیان کڵاوی سوریان لەسەر بوو [٢] ئەمەش ئاماژەیە لەسەر ئەوەی ڕێکخراوبوون و هەڕەمەکی نەبووە. قایمقامی هەڵەبجە لەو کاتەدا "شاکر فەتاح" باس لەوە دەکات لەشکرەکە "کوردی ئێران بوون"، هەروەها "بە هانەهانەی کوڕە شێخەکان" هاتوون[٣]، بەهۆی ئەوەی بە گوللەی خۆیان یەکێکیان لەخۆیان کوشتووە، پاشەکشەیانکردووە و شپرزەبوون و دواتر دێینەسەری.

## سەرکوتکردنی بنەماڵەی مەلا یوسف

لە هێرشی خزمانی دایکی "شێخ زاهید" و خەزوورانی و موریدەکانیدا بۆسەر ئاوایی "گڵێجاڵ" (١٩٤٦)، ماڵ و موڵکی سەرجەم ئاواییەکە بەر تاڵانکاریی کەوتووە و هیچیان بە دەستەوە نەماوە، بەڵام بنەماڵەی "مەلا یوسف" ، جگە لەماڵات و کەلوپەل، خۆشیان دواکراو بوون بۆ گرتن و تۆڵەکردنەوە[٤]، چونکە تۆمەتباری ڕاستەوخۆبوون بە سووتاندنی ماڵی شێخ، هەروەها دەڵێن"قورئانێك لە ماڵەکەدا سووتاوە"[٥] ئەمەش پاساوێکی تر بووە بۆ سزادان و

---

[١] فاتمی مەلا فەتاح، س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٣] ئاوێنەی ژینم، ل ٤٨٣.

[٤] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٥] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی، ل١١.

تۆڵەکردنەوە. بەپێی گێڕانەوە و بەڵگەنامەکانیش لە تۆڵەی سووتاندنی ماڵی شێخدا، بنەماڵەی "مەلا یوسف" جگە لە کوژرانی ناوبراو، تووشی چەند سزایەك بوونەتەوە:

١_ مامێکی "مەلا یوسف" بەناوی "قادری مەلا یوسف"، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە، بەر لە ڕاپێچکردنی بۆ هەڵەبجە دینار و نیوێك پارەی نەختینەی هەبووە، دینارەکەی بەجێهێشووە بۆ خێزان و چوار منداڵەکەی و وەسێتی بۆکردوون نەبادا نەگەڕێتەوە، پاشان لەزیندان لەبارودۆخێکی تەمومژاوی و گوماناویدا گیانی سپاردووە[١]. لەبارەی هۆکاری مردنەکەی لێکدانەوەی جیاجیا لەناو شایەتحاڵەکان هەیە، هەندێك دەڵێن بەهۆی داڕوخانی دیواری زیندان بووە[٢]، هەندێکیتر دەیگێڕنەوە بۆ ئەشکەنجە و تۆقاندن[٣]، بەهۆی ئەوەشی تەرمەکەی نەگەڕێنراوەتەوە و لەنێوان کەرکوك و هەڵەبجەدا نازانرێت لەکوێ ئەسپەردەکراوە[٤]. هەندێك لەوانەی سۆراغیانکردوە لە لایەن پۆلیسەوە بەرماڵێك و جلوبەرگەکەیان پێداون بۆ دڵنیابوون لەوەی کە

---

[١] حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٢] حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەلا محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٣] مەلا محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ. فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٤] حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن..س. پ؛ عەبدولرەحمان فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ زەریف قادر محەمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

له ژیاندا نەماوە [1]. "شاکر فەتاح" کە ئەوکات قایمقامی هەڵەبجە بووە بە "کوژراو" و یەکێك لە قوربانییەکان ئاماژەی بۆ کردووە[2].

٢_ مامێکی تری "مەلا یوسف" بەناوی "عەبدوڵڵای مەلا یوسف"، بریندار کراوە و لە مردن گەڕاوەتەوە چونکە فیشەك بەر ناوشانی کەوتووە[3]، بەڵام کەسێك لەناو هێرشبەرەکان بەناوی "عەلی" کە ئامۆزای کوێخادێیەك بووە، پێشتر مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی لەگەڵدا هەبووە، خۆی داوە بەسەریدا بۆ بەرگری لێکردن و پاراستنی، لەم مشتومڕەشدا بە گوللەی یەکێك لە هاوڕێکانی کوژراوە[4]، لە گێڕانەوەکاندا وەها باوە ئەم کوشتنە بووەتە خاڵی وەرچەرخان و لەشکری هێرشبەری توشی شپرزەیی و شڵەژان کردووە، بەتایبەت کە کوژراوەکە ئامۆزای کوێخایەکی دەسترۆیشتوو بووە، ئەگەرنا ئەگەری زۆر هەبووە تۆڵەی زیاتر بکەنەوە[5]. کەسە بەهەڵە کوژراوەکەش بەر لە گیان دەرچوونی هاواری کردووە: "گلێجاڵی کوڕ کوژراوی تاڵانکراو

---

[1] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[2] ئاوێنەی ژینم، یاداشتەکانی شاکر فەتاح، ل ٤٨٣.

[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەزیز بەلەسۆیی، زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/١٠.؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ ئەورەحمانی فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ حاجی مستەفا، چاوپێکەوتن..س.پ.

[4] مەحمود مستەفا نادر، چاوپێکەوتن..س.پ؛ محەمەدی یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ.

[5] ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن..س.پ.

ئاگای لەکوشتنی من نییە، من قەبری خۆم خراپ ناکەم"[١].
"عەبدوڵڵای مەلا یوسف" کە بەوهۆیەوە ڕزگاری بووە تا مردنی گیرۆدەی ئاسەواری پێکرانەکەی بووە و چارەسەری وەرگرتووە[٢].

٣_ "تۆفیقی مەلا فەتاح" کە ئامۆزایەکی باوکی مەلا یوسفە، لەترسی گرتن هەڵهاتووە بۆ ناو خزمانی دایکی لە "ئەزگڵە"ی دیوی ئێران[٣]، بەر لەوەش دەستیبگات بەوێ، لە ناو ماڵەکانی "خێڵی باوا"ی دراوسێی "گڵێجاڵ" حەشاردراوە، پاشان بە دزییەوە دەربازکراوە، چونکە وەها بڵاوکراوەتەوە ئەو ئاگری لە ماڵی "زاهیدی کوڕی شێخ عەلادین" بەرداوە[٤]، بەهۆی ترسی گرتنیشەوە پاش زیاتر لە بیست ساڵ ئاوارەیی ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ "گڵێجاڵ"[٥].

٤_ خزمەکانی تری "مەلا یوسف" بە دزییەوە ڕزگار کراون، هەیانبووە لە چیخ پێچراوە بۆ شاردنەوەی (عەبدوڵڵای محەمەد)[٦]، هەرکەسیش لە خزمانی لەگرتن و برینداربوون دەربازبوون، دەستگیرکراون، جگە لە "خەلیفە ئەحمەد"ی باوکی "مەلا یوسف"، کە پاش مانگێك

---

[١] حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.
[٢] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ.
[٣] فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن س.پ؛ حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن س.پ.
[٤] فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن س.پ؛ عەزیز بەلەسۆیی، چاوپێکەوتن..س.پ.
[٥] فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن..س.پ.
[٦] زەریف قادر، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مستەفا قادر محەمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

هاتوچۆکردن و بەدواداچوون، توانیویەتی هەرچۆن لە "هەڵەبجە" یەك یەك لەزیندان ئازادیان بکات[١].

"شاکر فەتاح"ی قایمقامی ئەوکاتی هەڵەبجەش دان بەوەدا دەنێت "دادگا و باڵبازخانە[پۆلیسخانە] هیچیان بۆ ئەو مسکێنە کلۆڵانە نەکرد"، باس لەوەش دەکات وەك قایمقام ناچار بووە بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی ئیشیان بۆ بکات، لەسەر ئەمەش شێخەکان لە بەغدا شکاتیان لێ کردووە[٢]. ئەم هەژموونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە باشەی شێخەکان لەگەڵ ڕژێمی پاشایەتی هەیانبووە، بەجۆرێك هەر لە سەردەمی "شا فەیسەڵ"ی یەکەمەوە کە دوو نامەی دۆعا و سەلامی بۆ "شێخ عەلادین" ناردووە، پێشتریش ئاماژەپێیکرا برایەکی "شێخ زاهید" لە بەغدا پەرلەمانتار بووە[٣]، هەروەها زاوای بنەماڵەی "الهاشمي" دەستڕۆیشتووی بەغداش بووە[٤]، جگە لەمەش هەر "شاکر فەتاح" ئەوە لە "شێخ عەلادین" دەگێڕێتەوە کە لە سەردانەکانیدا بۆ بەغدا پادشای عێراق "فەیسەڵی دووەم" پێشوازی لێکردووە، تەنانەت دەڵێن "شانیشی ماچکردووە" و باسی ئەوەش هەیە گوایە چارەسەری پزیشکییشی پێشکەش بە پادشا کردووە[٥].

---

[١] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] ئاوێنەی ژینم، یاداشتەکانی شاکر فەتاح، ل ٤٨٣.

[٣] بەرزانی مەلا تەها، ***سۆفیزم و شۆڕش*** (سلێمانی: چاپخانەی بینایی، ٢١٠٨)، لا ٨٤

[٤] بڕوانە: لقمان محەمەد قادر، پێگەی شێخانی نەقشبەندی، ل ٨١.

[٥] ئاوێنەی ژینم، ل ٢٢٢؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ڕۆژگاری ژیان، لا ٧٧.

## ئاوارەبوونی گڵێجاڵییەکان

پاش کوژرانی "مەلا یوسف" و تاڵانکردنی گوندەکە، خەڵکی "گڵێجاڵ" لەترسی گیانی خۆیان و هەروەها بەهۆی تاڵانکردنی مەڕ و ماڵات و باراش و بەروبوومەکانیان، ناچاربوون ئاواییەکە چۆڵ بکەن.

بەپێی گێڕانەوەکانی خەڵکی گوند، بنەماڵەکان هەرکەس بەرەو گوندێك هەڵهاتوون کە خزم و ناسرا و یان ئاشنایان تێیدا هەبووبێت، ئەو گوندانەشی بنەماڵەکانی گوندەکە پەنایان بۆ بردوون و بەسەریاندا دابەشبوون بریتین لە: بەلەسۆ[١]، گمە [٢]، پشتە [٣]، قەڵپ[٤]، هۆرێن [٥] قەسڵان لە شێخان[٦]، بەڵام بەهۆی ئەوەی ژنەکانی بنەماڵەی "مەلا یوسف" کەس نەیتوانیوە داڵدەیان بدات، لەگەڵ چەند خێزانێکی تری خزمیان لەژێر پارێزگاریی مەفرەزەیەکی پۆلیسدا لە ناو ئاوایی گڵێجاڵ ماونەتەوە و دەگێڕنەوە، ڕۆژگارێکی ناخۆشیان لەناو "تەنیایی و برسێتی و شیوەن و ترسی هێرش و پەلامار

---

[١] مەحمود عەلی، چاوپێکەوتن..س. پ؛ عەزیز بەلەسۆیی، چاوپێکەوتن..س.پ؛ باوا ساڵح، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.. س. پ؛ مەلا عەبدوڵڵا یوسف، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٣] ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٤] فەتاح محەمەد عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٥] مەحمود مستەفا، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٦] عەزیز محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

بەسەر بردووە[١]، ژنەکان مناڵیان بەخێوکردووە و خواردنیشیان بۆ هێزەکەی پۆلیس ئامادەکردووە کە مزگەوتی ئاوایی بارەگایان بووە[٢].

لەم تەنگانەیەشدا ئەفسەرێکی پۆلیس بەناوی "شێخ ڕەوف" کە خەڵکی کەرکوك بووە و فەرماندەی مەفرەزەکە بووە، یارمەتی زۆری داون و بەستەملێکراوی زانیون[٣]، ئەم ئەفسەرە کە پابەندیی ئایینیشی هەبووە لە "گڵێجاڵ" ژنێکی لە خێزانە بەجێماوەکانی ئاواییەکە مارەکردووە (مینای هۆریخان)، وەك کەسێکی ڕاساڵ و چاکخوازیش ناوی هەیە[٤]. هەروەها پیاوماقوڵی باواییەکان "عەبدوڵڵای وەیسی"، هەندێك لە ئاژەڵ و مەڕوماڵاتی مامەکانی مەلا یوسف کە لە تاڵانییەکەدا لە شاخ بوون و بەرنەکەوتوون، لە نێو ماڵاتی خۆی حەشارداوە لە "چوارداران"، پاش ڕەوینەوەی مەترسی تاڵانکردن بۆی گێڕاونەتەوە[٥]، جگە لەمانەش ئەو ماڵە "گڵێجاڵی" یانەی بۆیانکرابێت، یان دواتر گەڕاونەتەوە گوند وەك خزم و دراوسێ بەهانایانەوە ڕۆیشتوون و یارمەتییانداون تا تەنگانەکە ڕەویوەتەوە[٦].

---

[١] خاسێ حەسەن، س.پ؛ زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مستەفا قادر یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] خاسێ حەسەن، س.پ؛ مستەفا قادر یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٣] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مستەفا قادر یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٤] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س. پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٥] عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەحمود مستەفا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مستەفا قادر یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٦] زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ.

دۆخی شلەژاوی "گڵێجاڵ" و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی دەوروبەری ساڵێکی خایاندووە[١]، لەم ماوەیەشدا هەندێك لە خێزان و بنەماڵەکان لە ماڵی "شێخ ئەنوەری شێخ عومەری" مامی "شێخ زاهید"، چ بە پاڕانەوە بێت یان لە ڕێگەی ناسراویی پێشترەوە هەندێك لە ماڵاتی خۆیان یان هەندێك سەر ئاژەڵیان پێ دراوەتەوە [٢]، تا چەند ساڵێکیش پاش ئەم ماجەرایە، خەڵکی ئاواییەکە هەر وەك تاوانبار تەماشا کراون، بەو پێیەی ماڵی کوڕی "شێخ عەلادین" لە ئاواییەکەیاندا سووتێنراوە [٣]، یەکێك لەوانەشی بەم هۆیەوە ئازاردراوە "محەمەد ڕەمەزان محەمەد" ـە کە لە "گڵێجاڵ" لە "مەلا یوسف" نزیکبووە[٤].

گێڕانەوەکانی نزیك لە شێخەکان، باس لەوە دەکەن ئازادران و دەنگدابڕین لە گڵێجاڵییەکان بەردەوام بووە تا ئەوکاتەی هانایان بۆ "شێخ عەلادین" بردووە، ئەویش نامەیەکی بۆ نووسیون و تێیدا هاتووە: ئەوەی هێرش بکاتە سەر گڵێجاڵ، تەعەددای لە ماڵی ئەو کردووە و لێی قبوڵ ناکات. بەپێی ئەم گێڕانەوەیە لەسەر داوای شێخ عەلادین بارودۆخی گڵێجاڵ ئاساییبووەتەوە[٥]، بەڵام گێڕانەوەی تر باس لەوە دەکەن هەرچەندە هێرش و پەلامارەکان بۆسەر ئاوایی

---

[١] عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەزیز بەسەلەسۆیی، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەحمود عەلی، چاوپێکەوتن..س.پ؛ عەزیز مەحمود، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٣] حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن.. س.پ، عەزیز محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٤] عەزیز مەحمود محەمەد، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٥] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی، لا ١١.

وەستاون، بەڵام لێکەوتەکان هەر بەردەوامبوون و یەکێك لە ئامۆزاکانی "مەلا یوسف" باس لەوە دەکات ماوەیەکی زۆر دووچاری سزادانی دەروونی بوونەتەوە، خەڵك "دووریانگرتووە لێیان" یان ترساون لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنیان، بە ئەستەم باراشی گەنمیان لە ئاشەکان بۆ هاڕیون چونکە بە سووتاندنی ماڵی شێخ و لادان و "مونکیر"ی تۆمەتبارکراون[1].

## کۆچکردنی باوکی بۆ هەڵەبجە

بەپێی گێڕانەوەکان، لەپاش کوژرانی "مەلا یوسف" دایکی (وەنەوش محەمەد)، بەهۆی خەمۆکییەوە "تەرکی دنیای کردووە"، هەر لەبەر ئەمەش مێردەکەی ئازادکردووە هاوسەرگیری بکاتەوە[2]. بەوتەی ژنانی شایەتحاڵیش لە شیوەنەکانیدا باسی لەوەکردووە بە تەمابووە لەسایەی ئەودا بمرێت و ئەو بەخاکی بسپێرێت، کەچی بە پێچەوانەوە "بە جوانە مەرگی دەیخاتە گۆڕەوە"[3]، لە پرسەکەشیدا مێزەری خوێناوی و جوبە و کتێبەکانی "مەلا یوسف" دانراون و شیوەنی بۆکراوە[4]. ماوەیەك پاش ڕووداوەکەش باوکی "مەلا یوسف"، ماڵی دووەمی گواستووەتەوە بۆ شاری هەڵەبجە تا لە گۆڕی کوڕەکەیەوە نزیك بێت، تا کۆتایی ژیانی لە ساڵانی شەستەکان لە

---

[1] حاجی مستەفا قادر، چاوپێکەوتن، س.پ.

[2] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتم مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ،

[3] ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ.

[4] مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ.

هەڵەبجە ماوەتەوە و بەکاری فرۆشتنی دەستماڵەوە سەرقاڵبووە و لە نزیك لە قەراغی شار ژوورێکی درووستکردووە، پاشان لە هەمان گۆڕستان و لە نزیکی گۆڕی "مەلا یوسف" ـەوە ئەسپەردە کراوە[١].

"سەید نەجیبی هانە سوورە" کە یەکێکە لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵەبجە، ئەوە لە "خەلیفە ئەحمەد"ی باوکی "مەلا یوسفەوە" دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: هەموو پایزێك مەلا یوسفی کوڕم لە فەقێیەتییەوە هاتووەتەوە بۆ گڵێجاڵ، منیش حەیوانێکم سەربڕیوە، برنج و ڕۆنیشمان هەبووە، خەڵکی دەوروبەرم بانگکردووە، نوێژی عیشامان کردووە، دواتر قەسیدەیەکی "البردة" مان خوێندووەتەوە و حەمد و سەنای خوامان کردووە. ئێستەش چاوەڕێ ئەکەم "مەلا یوسف" بێتەوە و ئەوە بکەینەوە. لەوەڵامیشدا سەیدی هانەسوورە پێی وت: کاکە خەلیفە، ئەو ئاوە لە سیروان لێت داوە و هاتوویت بۆ هەڵەبجە، جارێکی تر لێی نادەیتەوە بڕۆیتەوە بۆ گڵێجاڵ، دڵی خۆت بخە بە لایەکا، ئەوە بدە دەستی خوا. ئەویش وتی قوربان: ئەوەندە داومەتە دەستی خوا ئەوە کەواو سەڵتەی ئەوە لەبەرمایە، ئەوە شوێنی گوللەکەیە و ئەوەش شوێنی خەنجەرەکەیە[٢]، لەم کاتەشدا ئاماژەی بە دڕاوییەکانی کەواو سەڵتەکە کردووە.

---

[١] خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەلا عەبدوڵڵای حمە وەیس، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەلا محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەر، هەڵەبجە، س.پ.

## بەشی سێیەم: هۆکار و لێکەوتەکان

## بۆچوون و پاڵنەرەکانی مەلا یوسف

لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا هۆکاری ڕاستەقینەی کوژرانی "مەلا یوسف" پەیوەستکراوە بە ناکۆکی لەسەر وەرگرتنی زەکات و موڵکانەی زەوی و هەراسانکردنی خەڵکی ئاواییەکەی[١]. "مەلا حەمەمین سەراوی" کە هاو فەقێی "مەلا یوسف" بووە دەڵێت "هەندێك نەفسی هەبوو، دەیوت شێخ چییە خەڵك زەکات وماڵی خۆیانی پێ بدەن؟"، ئەم قسەیەشی بۆ خەڵکی گوندەکەی کردووە[٢]، هەروەها شایەتحاڵی تر هەن دەڵێن، لۆمەی ئەوانەی کردووە کە ماڵی خۆیان بەجێهێشتووە و ڕۆشتوون بۆ کاری جوتیاری و وەرزێریکردن بۆ ماڵی شێخەکان لە "بیارە"[٣]. ئەوانەشی لەنزیکەوە مەلا "یوسف" یان ناسیوە دەڵێن بۆچوونی وەهابووە، ئەگەر خەڵك زەکاتی خۆیان بدەن بە هەژاران، چی دی پێویست ناکات هیچ بدەنە شێخ، چونکە ئەو هیچ خاوەن موڵك و ماف نییە لەزەوییەکان[٤]، ئەم قسەیەشی بە

---

[١] عەبدولرەحمان فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەلا محەمەدی مەلا سەعید، چاوپێکەوتن..س.پ.؛ هەروەها بڕوانە گێڕانەوەکانی بەشی دووەم لەبارەی دەمەقاڵەی شێخ و مەلا یوسف و مەسەلەی ناکۆکی لەسەر تاپۆی زەوی.

[٢] مەلا حەمە ئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٣] محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[٤] محەمەدی مەلا فەرەج، چاوپێکەوتن س.پ.

راشکاوی بە کوڕی شێخ وتووە[1]، بەخەڵکیشی ڕاگەیاندووە "زەوییەکانتان موڵکی میرییە، مانای نییە، موڵکانەکە بە شێخ بدەن"[2].

ئەوانەی "مەلا یوسف" یان ناسیوە لە هەڵەبجە، باس لەوە دەکەن، جگە لەزانستە شەرعییەکان، شارەزایی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش هەبووە[3]، ئەمەش وایکردووە بە قسەی "محەمەدی مەلا کەریم" بگاتە ئەو بۆچوونەی کۆکردنەوەی زەکات و باج لەلایەن کوڕی "شێخ عەلادین" ـ وە بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی ئیسلام لێك بداتەوە[4]. هەروەها "مەلا مەحمودی گەلاڵەیی"، ئاماژەی بەوە کردووە، "مەلا یوسفی گڵێجاڵی" لە دەمی خۆیدا لە ڕیزی ئەوانەبووە کە کاریگەر بوون بە بەرهەمی ڕێبەرە منەوەرە چاکسازیخوازە ئیسلامییەکانی قوتابخانەی میسری [جمال الدين الافغاني، محمد عبده، محمد رشيد رضا][5]، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن: بوێرییەکی تێدا بووە[6] "نەفسی هەبووە" و بڕوای بەخۆی هەبووە[7]، جگە لەمانەش فەقێیەکی هاوڕێی "مەلا یوسف" دەگێڕێتەوە، ناوبراو لە نێو خەڵکی ئاواییەکەی بەرهەڵستی دەسەڵاتی شێخەکانی کردووە و بەئاگایهێناون بۆ ئەو

---

[1] عەبدولڕەحمان فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن س.پ.

[2] زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن.. س.پ.

[3] مەلا جەلالی مەلاساڵحی گەورە، چاوپێکەوتن. س.پ.

[4] چاوپێکەوتن..س.پ.

[5]ئاراس محەمەد ساڵح، ***مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەکۆمەڵە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسیدا*** (سلێمانی: سەنتەری زەهاوی، ٢٠١٥)، ل ٣٥.

[6] مەلا جەلالی مەلا ساڵحی گەورە، چاوپێکەوتن..س.پ.

[7] مەلا حەمە ئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن..س.پ.

مەبەستە[١]، ئەمەش یەکێکە بووە لە تەوژمە ئایینییە باوەکانی ئەوکاتی ناو حوجرە و مەلاکانی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری و ئەم کۆمەڵە فەقێ و مەلایە لەگەڵ تەوژمی زاڵ و باڵادەستدا بەرەنگارییان کردووە و دواتر ئاماژەیان پێ دەکرێت.

"مەلا عەبدولەتیفی بامۆك" لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکات، "مەلا یوسفی گڵێجاڵی" بیروباوەڕی کوردایەتی هەبووە، هەروەها پەیوەندیشی لەگەڵ "حەسەن فەهمی بەگی جاف" [پەرلەمانتاری سەردەمی پاشایەتی و مێژوونووس] دا باش بووە، هەروەها دەڵێت "مەلا یوسف دژی کوڕە شێخەکان وەستابوو"[٢].

یەکێك لەو گڵێجاڵییانەشی لە نزیکەوە "مەلا یوسف"ی دیوە ئاگادرە لە چالاکییەکانی[٣]، کۆمەڵێك بۆچوون لە مەلا یوسفەوە دەگێڕێتەوە کە هەندێك تیشك دەخەنە سەر بیرکردنەوەی، لەوانەش:

_ شێخ کەس ناباتە بەهەشت کردەوەی خۆی نەبێت، هەر شێخ و مەلایەك وتی واتان بۆ دەکەین بڕوای پێمەکەن.

_ ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە ئاگایان لە مناڵەکانیان بێت؛ نهێنی کچ لای دایکە و هی کوڕ لای باوک، با دایک قسە لەگەڵ کچەکەی بکات

---

[١] مەلا حەمەئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن..س.پ.
[٢] گۆڤاری خاڵ، ژمارە ٣٩، زستانی ٢٠٢٣، ل١٢٥_١٢٦.
[٣] محەمەد ئەحمەد موئمین، چاوپێکەوتن.. س.پ.

و پێی بڵێ شەرم نەکات حەزیان لە هەرکەسێکە لە یەکتریان مارە بکەن، بۆ کوڕەکانیش، با باوکیان قسەیان لەگەڵ بکەن.

_ داوای کردووە گۆڕستانی ئاواییەکە (ئیمام محەمەد) بکرێتە وەقف بۆ مردووەکان بۆ ئەوەی ڕۆحیان ئاسوودەبێت و موڵکی خۆیان بێت.

_ ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە لە کاتی سەرما و نەخۆشی "تَیمم" بکەن لە بری بەکارهێنانی ئاوی سارد و وتوویەتی: جلوبەرگی باشتان نییە با قورستر نەبێت لەسەرتان و نەخۆش نەکەون.

بەرهەڵستکاریی "مەلا یوسفی گلێجاڵ" بۆ شێخەکان لای یەکێك لە موریدانی شێخانی بیارە بە "بێڕێزیکردن بە شێخ عەلادینی بیارە" کە مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لێکدراوەتەوە[١]، بەڵام خەڵکانێك هەن لە ئاواییەکە باس لەوە دەکەن "مەلا یوسف" لە گوندەکەی خۆیدا و لەسەر ماڵی خۆی کوژراوە و کوڕی شێخ هاتووەتە سەر زەوی ئاواییەکەی ئەو، تەنانەت ئەو کەپرەشی کە سووتێنراوە هەر دانەوێڵە و بەرهەمی کۆکراوەی ئاواییەکەی تێدا بووە و ماڵ و موڵکی تایبەتی "شێخ زاهید" نەبووە[٢].

---

[١] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی، لا ١١.

[٢] عەزیز محەمەد ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ خاسێ حەسەن، چاوپێکەوتن..س.پ؛ زینەت ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ.

## تۆمەتی بەرهەڵستکارانی شێخەکان

ئەوانەی بەرهەڵستی هەژموونی شێخانی موڵکدارییانکردووە، جگە "مُنکر"یی، بەوەش تۆمەتبارکراون کە لەژێر کاریگەری بیری چەپ و ئیشتراکیدا بوون [١]، ئەم تۆمەتە لەم ساڵانەی دوایی لەلایەن دەستوپێوەندی شێخەوە ناڕاستەوخۆ ئاراستەی "مەلا یوسف"یش کراوە [٢]. بەڵام بە وردبوونەوە لە پێدراوە مێژوییەکانی ئەوکات ئەم چەند ڕاستییە دەردەکەون:

* نزیکەی ١٠ کەس لە هاوفەقێ و هاو سەردەمەکانی "مەلا یوسف"، جگە لە بەرهەڵستکاری تەملیکی زەوی و کۆکردنەوەی زەکات، هیچی تریان لەبارەی هۆکاری ناکۆکی لەگەڵ شێخەکان باس نەکردووە[٣].

* "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" کە نزیك و جێگەی متمانەی "شێخ عەلادین" بووە و هاوچەرخی ڕووداوەکەیە، تەنیا هۆکاری کێشەی موڵکایەتی زەوی باس کردووە[٤]، هیچ سەرنجێکی نەرێنی یان ڕەخنەیەکی لەسەر "مەلا یوسف" و داواکەی ئاماژە پێ نەکردووە.

---

[١] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی س.پ، ژمارە ٣٦، لا ١١؛ محەمەدی مەلا کەریم، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی س.پ، ژمارە ٣٦، لا ١١.

[٣] ئەوانەش بریتین لە: ساڵح مارف کاکە وەیس، مەلا حەمە ئەمین سەراوی، مەلا محەمەد مەردۆخ، مەلا لەتیفی بامۆك، مەلا عوسمانی سۆفی، مەلا عومەر عەبدولعەزیز، مەلا عومەر عەبدولعەزیز، مەلا جەلالی مەلا ساڵح؛ مەلا فایەق شارەزووری و....هتد،

[٤] رۆژگاری ژیان، ل ٢٢٨.

* مەلا لەتیفی بامۆکی دەگێڕێتەوە: تۆمەتبارکردن بە شیوعی بوون، چەکی ئامادەی هەندێك لە شێخزادەکان بووە دژی هەر مەلایەك کە لەناوەندی ئایینیدا رەخنەی لە دەرەبەگایەتی و خۆشگوزەرانی هەندێك لە شێخەکان گرتبێت، "خەڵکی رەش و ڕووتیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییانەوە"[(١)].

* شەرعزان مستەفا زەڵمی"، دەڵێت، لەساڵانی چلەکان هەرکەس داوای مافی خۆی بکردایە یان هاواری بکردایە لەدەست ستەمکارێك پێیان دەوت شیوعی، بۆ ئەوەی داواکەی بێبایەخ بکەن[(٢)].

* نوسراو و گێڕانەوەکان دەربارەی ئەو سەردەمە هیچ ئاماژەیەك بەهەبوونی جموجوڵی چەپڕەوەکان لە حوجرەکانی ئەوکاتەی هەڵەبجە ناکەن [(٣)]، بەپێچەوانەوە زۆر لە گێڕانەوەکان باس لە ڕەوتێکی ئایینی حوجرەیی نەیاری شێخەکان دەکەن[(٤)].

## ڕەوتی بەرهەڵستکارانی شێخەکان

بەپێی یاداشت و بیرەوەرییەکانی خەڵکانی دیاری ناوچەکە، لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکان و ڕەنگە بەر لەوەش، جموجوڵێکی

---

[(١)] گۆڤاری خاڵ، ژمارە ٢٩، ئابی ٢٠٢٠، ل ١٩٣.

[(٢)] کاروانی ژیانم، ل ٤٤٤_٤٤٨.

[(٣)] بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، رۆژگاری ژیان، ل٢٢٨؛ شاکر فەتاح، ئاوێنەی ژینم، ل ٤٨٣؛ ئەحمەد بانیخێلانی، یادەوەرییەکانم، ل ١٣_٤١.

[(٤)] حەمە تۆفیق دەروێش ئەبوبەکر، چاوپێکەوتن..س.پ؛ محەمەد عەلادین مەردۆخ، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مستەفا زەڵمی، کاروانی ژیانم، ل ٤٤٤_٤٤٨.

بەرچاوی بەرەنگاریکردن و نارەزایەتی لەدەسەڵاتی شێخەکان لە هەڵەبجەو دەوروبەری هەبووە، بزوێنەری ئەم ڕەوتەش فەقێی حوجرەکان بوون[1] کە موسوڵمانی فیقهی بوون و موریدی شێخەکان نەبوون، ئەم بەربەرەکانییە بە زەقی لەناو فەقێکانی "مەلا محەمەدی تەکیە" دا باوبووە[2]، کە ماوەیەك "مەلا یوسف" لە مزگەوتەکەیدا خوێندوویەتی و زیاتریش پاڵنەریان شێوازە مەلاییە فیقهییەکەی ئیسلام بووە، کە بەرامبەر شێوازە سۆفیگەرییە شێخایەتییەکە چەکەرەیکردبوو.

بەپێی گێڕانەوەی "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس"، نارەزایەتی مەلاکان لە شێخەکان زیاتر بەهۆی هەوڵی تاپۆکردنی زەوی میرییەوە بووە لەلایەن شێخانی هەورامانەوە، ئەم بابەتەش ڕەگێکی کۆنتری هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "شێخ محەمەد بەهادینی نەقشبەندی" (م.١٨٨٠)، هەر ئەوکاتەش ئەم مەسەلەیە لەناو مەلاکاندا بووەتە جێگەی مشتومڕ و "گەلێکیان پێی ڕازینەبوون"[3]، یەکێك لەوانەش "مەلا عەبدوڵلای شێخ قادری عەبابەیلێ" یە (م. ١٩٣٨) کە باوکی مەلا "محەمەدی گەورە" ی مامۆستای مەلا یوسفە، ئەم مامۆستا ئایینییە نامیلکەیەکی لەسەر نادروستی و حەرامی ئەو

---

[1] مەلا عوسمان سۆفی، چاوپێکەوتن..س.پ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا محەمەد عەلادین مەردۆخی، سلێمانی، ٨/ ٢/ ٢٠٢٣.

[2] ئەحمەد بانی خێلانی، بیرەوەرییەکانم، ل ٨٣؛ حەمە تۆفیق دەروێش ئەبوبەکر، چاوپێکەوتن..س.پ.

[3] یادی مەردان، ب٢. ل٨٥_٨٨؛ ب٢ ل ٥٧٥_٥٧٦.

تاپۆکردنانەی زەوی میری لەلایەن شێخ و دەرەبەگەکانەوە نووسیوە، "مەلا قادری گەورە"ی مامۆستای قوتابخانەی بیارەش بۆچوونەکەی پەسەند کردووە، لەسەر نامیلکەکەش نووسیویەتی "ڕاست و موتابیقی شەرعە"، بەڵام هۆشداری ئەوەشی بە نووسەرەکەی داوە؛ کردنەوەی ئەو باسە لەو ڕۆژەدا دەبێتە هۆی هەرا کە خراپەی زیاتر بێت[1]، بەرامبەر بەمەش مامۆستای تری ئایینی هەبوون بابەتەکەیان پێ حەرام نەبووە و بەوە پاساویان بۆ ڕەوایەتی بۆ تاپۆکردنی زەوییەکان هێناوەتەوە کە مەسەلەیەکی خیلافییە و بەلای پەیڕەوانی حەنەفییەوە درووستە، هەروەها باسیان لەوەکردووە شێخ قەرەباڵغیی زۆری بەدەوردایە، دەبێت نانیان بداتێ و پێویستی بە زەوییە، پاش تاپۆکردنیشیان جوتیارەکانی دەرنەکردووە لەسەر زەوییەکان، بەڵکو کردوونی بەنیوەکار[2]، بەڵام ئەو مەلایانەی دژی کارەکە بوون پێیان وایە ئەمە شەرعیەتپێدانێکی ناڕەوایە و ناکۆکە لەگەڵ فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) کە هەق بە جوتیار دەدات[3]: هەرکەس زەوییەکی مردوو زیندوو بکاتەوە ئەوە هی ئەوە، نەك ئەو

---

[1] مەلا عبدالکریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ب ٢، ل ٨٥ _ ٨٨؛ ب ٢، ل ٥٧٥ _ ٥٧٦.

[2] مەلا عبدالکریمی مودەڕیس، یادی مەردان، ل ٨٧_٨٨؛ مەلا حەمە ئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن، س.پ.

[3] مەلا حمە ئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن.. س.پ؛ بڕوانە: لقمان محمد، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەڵەبجە و هەورامان، ل ١٠٦_١١٥.

ستەمکارەی دواتر کشتوکاڵی لەسەر دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتنی "مَن أحيا أرضًا ميتةً فَهيَ لَهُ، وليسَ لعِرقِ ظالمٍ حقٌّ" [1].

چ بە پشتگوێخستنی ناڕەزایی مەلاکان بێت، یان کەڵك وەرگرتن لە بۆچوونی پێچەوانەی هەندێکیان بۆ حەلاڵکردنی تاپۆکردنی زەوییەکانی میری، هەندێك لە کوڕانی شێخەکانی هەورامان هەر بەردەوام بوون لەسەر فراوانخوازی و تاپۆکردنی زەوی، بەم هۆیەشەوە لەگەڵ هەندێك مەلای تر کەوتوونەتە شەڕو بەرەنگارییەوە، نموونەیەکی دیاری ئەمەش "مستەفا زەڵمی" یە کە هاو فەقێ و هاوسەردەمی "مەلا یوسف" بووە و لە هەمان ساڵی کوژرانی ئەو مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە (١٩٤٦) [2]. ناوبراو کە باخەکانیان بەنهێنی تاپۆ کراوە لەسەر شێخ، بەوە بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر حەرامی و نادروستی کارەکە کە لە فەرمودەی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە، هەر جوتیارێك زەوییەکی مردوو راست بکاتەوە و بیکاتە باخ، دەبێتە هی خۆی، هەروەها لە پێشینەیی بۆ جوتیارەکەیە. جگە لەوەش یاسای تەسویەی زەوی ماوەی ١٠ ساڵ کارکردن و تەسەڕوف و داچاندنی داناوە بۆ ئەوەی جوتیار ببێتە خاوەنی زەوی خۆی، بەڵام ناوبراو لەسەر ئەم قسانەی دواتر بە گێرەشێوێن و شیوعی تۆمەتبارکراوە، روبەڕووی هەڕەشەو لێپێچینەوەش بووەتەوە، ئەوەشی یارمەتی داوە ڕزگاری ببێت لە تۆڵە کارکردنی بووە لەسوپادا

---

[1] صحيح أبي داود (٣٠٧٣)، وأخرجه الترمذي (١٣٧٨).
[2] مستەفا زەڵمی، کاروانی ژیانم، لا ٤٤٤ _ ٤٤٧.

وەك پێشنوێژ (إمام)، هەروەها "عەبدولکەریم قاسم" کە ئەوکات فەرماندەی لیواکەیان بووە لە جەلەولا پارێزگاریی لێ کردووە[١].

"مەلا لەتیفی بامۆکی" هۆکاری تێکچوونی پەیوەندی مەلاکان و شێخەکانی گێڕاوەتەوە بۆ گۆڕانی تەریقەت لە رێنمایی ئاییینییەوە بۆ دەرەبەگایەتی و هۆکارێك بۆ دەسکەوت چنینەوە، لەم وادەیەش بەدواوە هەردوولا بوونەتە "دوژمنی سەرسەخت"، ئەگەرنا پێشتر هەمیشە پەیوەندی ئەم دوو لایەنە خۆش بووە[٢].

ئالۆزبوونی پەیوەندی شێخەکان و هەندێك لە مەلاکانیش، تەنیا کوشتنی "مەلا یوسفی گلێجاڵی"ی لێ نەکەوتووەتەوە، بەڵکو قوربانی تری هەبووە، لەم میانەیەشدا مەلایەکی تر لە ناوچەکە بەناوی "مەلا ڕەسوڵی ئاریان" لە لایەن کوڕە شێخێکەوە بە دەمانچە کوژراوە، چونکە دژبەریان بووە و ڕەخنەی لێیانگرتووە، ئەوانەشی ڕووداوەکەیان گێڕاوەتەوە نەیانتوانیوە تەنانەت ناوی هێرشبەرەکەش ببەن، لە کاتێکدا کوڕە شێخەکە بەهۆی هەڵەی فیشەك تەقاندنەوەی خۆیشی بریندار بووە[٣]، هەر میانەی ئەو ململانێیەشدا مەلایەکی تر لە گوڵپ (عەبدوڵڵا) بەهۆی جیاوازی بیرکردنەوەی، لە مزگەوت و حوجرەکەی دەرکراوە بە پاساوی ئەوەی مزگەوتەکە موڵکی شێخە[٤].

[١] مستەفا زەڵمی، کاروانی ژیانم، لا ٤٤٤ _ ٤٤٧.
[٢] گۆڤاری خاڵ، ژمارە ٢٩، ئابی ٢٠٢٠، ل ١٩٣.
[٣] محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، ب١، ل ٩٥٠، ١٠٢٣.
[٤] حەمەکەریم هەورامی، چیرۆکی من، ب١، ل ٦٤.

## بەرپرسیارێتی کوشتنی مەلا یوسف

تا ئێستا بەڵگەیەکی ڕوون لە بەردەستدا نییە فەرمانی ڕاستەوخۆی شێخانی بیارە و تەنانەت "زاهیدی شێخ عەلادین"یش، بۆ کوشتنی "مەلا یوسفی گڵێجاڵ" بسەلمێنێت، لە کاتێکدا کۆدەنگی گێڕانەوەکان لەسەر ئەوەیە کە تاوانی کوشتنەکە بەدەستی خزمەتکارەکەی ناوبراو (حمە چەتە) ئەنجام دراوە، هەندێکیش پاکانەی ئەوە دەکەن تاوانەکە بەبێ فەرمان و ئاگاداری "زاهید" کراوە [1]، باس لەوەش دەکرێت "شێخ عەلادین"ی باوکیشی کاریگەربووە بە کوشتنەکە و ڕووداوەکانی دواتری[2]، لەمبارەیەشەوە "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس"، کە لەو کاتەدا مامۆستای حوجرە و خانەقای بیارە بووە، دەڵێت: بەهۆی کوشتنی "مەلا یوسفی گڵێجاڵی" ییەوە، "فیتنەو ئاشوبێکی نالەبار لەوبەری سیرواندا بەرپا بوو"، ئەمەش کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر دڵی شێخ عەلادین"[3]. سەرباری ئەمەش کۆمەڵێك ئاماژە هەن، جێگەی هەڵوێستەن:

* گێڕانەوەیەکی نزیك لەماڵی شێخ لەزاری "ئەوانەی ئاگادار و ئامادەبوون"ـەوە بەبێ ناوبردنیان، هۆکاری ڕقی "حەمە چەتە" لە "مەلا یوسف" و کوشتنی بەدەستی ئەو لە "گڵێجاڵ" دەگێڕێتەوە بۆ

---

[1] ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مریەم فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ؛ زەریف قادر محەمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ حاجی محەمەد یوسف، چاوپێکەوتن.، س.پ.

[2] عبدالکریم المدرس، ڕۆژگاری ژیان، ل٢٢٨؛ موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی، لا ١١.

[3] ڕۆژگاری ژیان، ل ٢٢٨.

ئەوەی "بێئەدەبی و قسەوتنی زۆر بەرامبەر شێخ عەلادین کراوە و ئەو کابراش پێی قبوڵنەکراوە و هەڵیداوەتێ"[١].

* یەکێك لە شایەتحاڵەکان باس لەوە دەکات چەکە بڕنەوەکەی "حەمە چەتە"ی خزمەتکار هی "شێخ زاهید" بووە[٢]. قسەیەك هەیە ئەم خزمەتکارە لە بنەڕەتدا خەڵکی "سوورەتوو"ی سەربە "سەوڵاوا"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت و لەگەڵ ماڵی "زاهید" هاتبێت بۆ "گلێجاڵ"[٣]، دواتریش بەهۆی گەڕانەوەی بۆ دەڤەری خۆی پاش ئازادکردنی هەواڵ و باسی نامێنێت، بەتایبەت کە ناوبراو کەسێکی ناسراو نەبووە و تەنیا وەك خزمەتکارێك ناسراوە.

* گێڕانەوەی زاڵ و ڕێتێچوو ئەوەیە "شێخ زاهید" لە ڕۆژی ئەنجامدانی تاوانەکە لەئاواییدا نەبووەو پێشتر خۆی دەرباز کردووە[٤]، دواتریش لەسەر تاوانەکە خزمەتکارەکەی (حەمە چەتە) تەوقیفکراوە بەڵام "بەهۆی دەستڕۆشتویی شێخەکانەوە ئازادکراوە"[٥]، بەتایبەت لەوکاتەدا خێزانی "شێخ زاهید" دەسەڵاتێکی زۆریان هەبووە لە بەغدا، تەنانەت "ع.ع. شەونم" شتێکی سەیر باسدەکات و دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٦ [هەمان ساڵی کوژرانی مەلا یوسف و تالانی گلێجاڵ]،

---

[١] موحسین موفتی موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی.. س.پ، ١١.
[٢] محەمەد سبحان، چاوپێکەوتن، س.پ.
[٣] ئەورەحمانی فەتحوڵڵا، چاوپێکەوتن..س.پ.
[٤] موحسین موفتی، چەواشەکاری و بێ بنەمایی.. س.پ، ١١؛ عەزیز مەحمود، س.پ.
[٥] محەمەدی مەلا کەریم، چاوپێکەوتن.. س.پ.

ئەم لە "بیارە" بووە، شێخەکانی ئەوێ، بۆ ئەوەی هێزی خۆیان پیشانی حکومەت بدەن "تەقەیان لە هەموو مەخفەرەکان دەکرد"[١].

* قایمقامی ئەوکاتی هەڵەبجە "شاکر فەتاح"، یەکڕاست کوڕە شێخی بەرپرسیارکردووە و دەڵێت: "هەندێك لە کوڕە شێخەکانی بیارەش زۆدارییان لە ئاواییەك کرد، بەمەبەستی داگیرکردنی زەویوزاری فرمانڕەوایی [الأميرية] کە لە بندەستیاندا بوو، بە هانەهانەی ئەوان ئاواییەکە تاڵان کرا و دوو کەسیشی لێ کوژرا..."[٢].

* بەلای "م. عومەر عەبدولعەزیز" وە "شێخ زاهید" بەرپرسیاری یەکەمی تاوانەکەیە و دەڵێت: زاید شێخ عەلادین زۆر بە ناحەقی مەلا یوسفی شەهید کرد، لە دنیا بەخۆشی ڕاینەبوارد، چۆن لە قیامەت جوابی حق تەعالا دەداتەوە[٣]، ئەمەش بۆچوون و ئەنجامگیری و گێڕانەوەی بیستراوی خەڵکانی هاوچەرخی ڕووداوەکەیە[٤].

* مام و ئامۆزاکانی "مەلا یوسف" هەر "شێخ زاهید" یان بە بەرپرسیار زانیوە، بۆیە پەلاماری ماڵ و کەپرەکەیان داوە و سووتاندوویانە، دواتریش باوکی "مەلا یوسف" لەپۆلیس شکاتی لە "شێخ زاهید"

---

[١] عادل صدیق، ***هەڵەبجە لە بیرەوەری ع.ع. شەونمدا***، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٨، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، لا ١٢٦.

[٢] ئاوێنەی ژینم، ل ٤٨٣.

[٣] نامەیەك، ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ١٠٥١٢، D.K٠٢.

[٤] لەوانەش: مەلا حەمە ئەمین سەراوی، چاوپێکەوتن..س.پ؛ ساڵح مارف کاکەوەیس، چاوپێکەوتن..س.پ؛ سەید نەجیبی هانە سوورە، چاوپێکەوتن..س.پ؛ مەلا فایەقی شارەزووری، چاوپێکەوتن..س.پ؛ محەمەد سبحان، چاوپێکەوتن...

کردووە و ئەوی بە بەرپرسیاری کوشتنی کوڕەکەی زانیوە[1]، بەڵام قایمقامی هەڵەبجە دان بەوەدا دەنێت "دادگا و پۆلیسخانە هیچیان "بۆ ئەو مسکێنانە" نەکردووە [2].

* هەندێك لەوانەیماڵیان تاڵان کراوە بە تکاو ناسراوی ئاژەڵ و وڵاخی تاڵانکراوی ماڵ خۆیان لە ماڵی شێخێکی مامەی "شێخ زاهید" وەرگرتووەتەوە لە "گمە"[3]، دەشێت ئەمەش ئاماژەبێت بۆ ئاگاداری لە هێرش و تۆڵەکردنەوەکانی پاش سووتاندنی ماڵەکەی "شێخ زاهید".

* گێڕانەوەیەکی دەماوەدەمی پشتڕاستنەکراوەش لەسەر زاری هەندێك لە خەڵکی گڵێجاڵ هەیە کە "شێخ ئەنوەری شێخ عومەر" لۆمەی "شێخ زاهید"ی برازای کردووە و پرسیاری لێکردووە لەبارەی هۆکاری ئاڵۆزبوونی ڕووداوەکە و گەیشتنی بە کوژرانی "مەلا یوسف"، ئەویش بەوە پاساوی هێناوەتەوە کە ئەو مەلایە حوکمی دەرچوو لە شەریعەتی هەیە، چونکە بەرامبەر شێخان وەستاوەتەوە لە کاتێکدا ئەوان پێشینەیەکی زۆریان لە خزمەتی ئیسلامدا هەیە و خەڵکی ئاراستەکردووە بۆ ئەو مەبەستە، ئەویش ناچاربووە بە هەرجۆرێکبێت بەرپەرچی بداتەوە بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر مورید و شوێنکەوتەکان درووستنەکات و پەشیمانیان نەکاتەوە[4].

---

(١) مەلا محەمەدی مەلا سەعید، س.پ.

(٢) ئاوێنەی ژینم، ل ٤٨٣.

(٣) ئەمنە شێخ عارف، چاوپێکەوتن. س.پ؛ فاتمی مەلا فەتاح، چاوپێکەوتن..س.پ.

(٤) محەمەد ئەحمەد مۆمین، چاوپێکەوتن.. س.پ.

## کاریگەری و لێکەوتەکانی ڕووداوەکە

دەگێڕنەوە، لە ناوەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەڵەبجەدا زۆر کەس بە کوشتنی "مەلا یوسف" نیگەران بوون [١]، بەڵام نەیانتوانیوە بەئاشکرا هیچ بڵێن[٢]. قایمقامی هەڵەبجەش باس لەوە دەکات بەهۆی ئەو ڕووداوە و [تاڵانکردنی گڵێجاڵەوە] "شێخەکان بەدناو بوون"[٣]. باس و بەسەرهاتی "مەلا یوسف"یش هێندە دەنگدانەوەی هەبووە لەناو مامۆستایانی ئایینیدا هەن منداڵی خۆیان بەناوی مەلا "یوسفی گڵێجاڵ" ـەوە ناو ناوە [٤]. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێت: لەسەر کوشتنی "مەلا یوسفی گڵێجاڵ" و ڕووداوەکانی دواتری و هەندێك هۆکاری دیکە "کاتب و موعتەمەدی شێخ عەلادین" کە ناوی "سەید مەزهەر" بووە، بیارەی بەجێهێشتووە[٥].

لەپاش کوژرانی "مەلا یوسف" و تاڵانکاریی ئاواییەکەوە، چی دیکە شێخەکان دەستبەرداری "گڵێجاڵ" بوون و نەیانتوانیوە جارێکی تر بۆی بگەڕێنەوە، لەوە بەدواش دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی شێخان و دەرەبەگی ناوچەکەش لە ئاواییەکەدا نەماوە [٦].

---

[١] حەمە تۆفیق دەروێش، چاوپێکەوتن..س.پ؛ سەید نەجیبی هانەسوورە، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٢] مەلا عومەر عەبدولعەزیز، نامەیەك، ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ١٠٥١٢، D.K٠٢.

[٣] ئاوێنەی ژینم، ل ٤٨٣.

[٤] مەلا حەمە یوسف، بەرنامەی **"کوردسات ڕۆشنگەری"**، ٢٤ی ئابی ٢٠٢١.

[٥] ڕۆژگاری ژیان، ل ٢٢٨.

[٦] مەلا عەبدوڵڵا حمە وەیس، چاوپێکەوتن..س.پ؛ ئەحمەد کەریم، چاوپێکەوتن س.پ.

لەنێو دەستخەتی خزمەکانیشیدا "مەلا سەعیدی گلێجاڵی" مێژووی کوژرانەکەی تۆمارکردووە (١٣٦٥ك/١٩٤٦ز) [١]. دەگێڕنەوە لەناو مزگەوتی گلێجاڵیشدا، ڕێکەوتنی کوشتنەکە لەسەر کۆڵەکەیەك هەڵکۆڵراوە تا کاتی ڕاگواستنی ئاواییەکە[٢].

مەلا محەمەدی برا بچووکی مەلا یوسف لە دەستخەتێکدا، کوژرانی براکەی بەم دەستەواژانە تۆمارکردووە: "تاریخی فەوتی هێزی ئەژنۆم و نووری هەردوو چاوم و فەرەحی دڵم". جارێکی تر نووسیویەتی "لەدنیا دەرچوونی حەزرەتی کاکە بۆ جەننەتی لامکان"[٣]. لە سەر بەرگی کتێبێکیش کە مەلا یوسف وانەی تێدا خوێندووە، نوسیویەتی "گواسترایەوە لە دەستی برای هەرە خۆشەویستمەوە مەلا یوسف، بۆ دەستی گوناهکاری خەتابار محەمەد کە برای ناوبراوە.. دیم و نەمدی.. ئاخ ئاخ [٤].

لە ساڵی ١٩٨٢دا گۆڕی "مەلا یوسف" لە گۆڕستانی "شێخ ئیسماعیل"ی هەڵەبجە کەوتووەتە بەرجادە، بەم هۆیەشەوە کەسوکاری گواستوویانەتەوە بۆ گۆڕستانی "گوڵان"، لەم مەراسیمەشدا جگە لە کۆمەڵێك لە گلێجاڵییەکان، ژمارەیەك لە مامۆستایانی هەڵەبجە ئامادەبوون و ئەمەش جارێکی تر چیرۆك و بەسەرهاتی

---

[١] ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، D.K١٥٧.

[٢] حاجی مەحمود عەلی، چاوپێکەوتن..س.پ.

[٣] ئەرشیفی دیجیتاڵی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، D.K١٥٧.

[٤] ئەرشیفی دیجیتاڵی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، D.K١٥٧.

کوشتنەکەی لەوکاتەدا نوێ کردووەتەوە[1]. "مەلا سەعید گلێجاڵی" لەسەر یەکێك لە کتێبەکانی فەقێیەتی ساڵی "فەوت" و ساڵی گواستنەوەی لە قەبر تۆمارکردووە[2].

هەر لەسەر ئەم کتێبەی فەقێیەتی "مەلا یوسف" (مغني المحتاج) بە مەرەکەبی ڕەش دوو دێڕ هۆنراوەی فارسیی "قمر الملوك" لەتەنیشت تۆمارکردنی مێژووی کوژرانەکەی بە مەرەکەبی ڕەش نووسراوەتەوە: "أشكی مژگانم بە سرخي بر بياض روي زرد --- قصە دل مينويسد حاجت گفتار نيست". هۆنراوەکەش باس لەوە دەکات، فرمێسکی چاوە سوورەکان لەسەر سپیایی ڕووی زەرد، گوزارشت لە حیکایەتی دڵ دەکات و پێویستی بە قسەکردن نییە.

---

(1) حەمە تۆفیق دەروێش، چاوپێکەوتن..س.پ؛ باوا ساڵح ئەحمەد، چاوپێکەوتن..س.پ؛ ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، DK ١٥٧.


(2) ئەرشیفی ناوەندی کوردستان، ٣٣٦٤١، DK ١٥٧.

# کۆبەند


مەلایوسفی گڵێجاڵی، مەلایەکی گەنجی بەئاگای چالاك بووە، کاریگەر بووە بە هوشیارییە ئایینییەکانی هەڵەبجە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، لەم سۆنگەیەشەوە ویستوویەتی بەرگری لە دادگەری بکات لە مەسەلەی تاپۆکردنی زەوی گوندەکەی لەسەر شێخ، بەڵام بارودۆخ و تەرازووی هێز و نفوز لە بەرژەوەندیدا نەبووە، لە میانی ئەم کێشمەکێشەدا جگە لە کوژرانی خۆی (١٩٤٦)، مامێکیشی بێسەروشوێنکراوە و گۆڕی ونە، هەروەها چەند کەسێکی بنەماڵەکەشی سزادراون، سەرجەم خەڵکی گوندەکەشی تاڵاوی تاڵانکاری و دەربەدەرکردنیان چەشتووە و باجیان داوە.


بەسەرهاتی "مەلا یوسف" بەشێکە لە مێژووی ئایینی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان کە جگە لە تەریقەت و شێخەکانی، جەمسەرێکی دیکە لەخۆ دەگرێت، کە نەیارانی شێخانی میراتییە و زیاتر مامۆستای ئایینی بوون، ئەم ڕەوتەش ڕیشەیەکی مێژویی لە پانتایی کوردیدا هەیە و نموونە دیارەکانی بریتین لە: حاجی قادری کۆیی، مەلای گەورە، موفتی پێنجوێنی، مەلا حەسەنی دزڵی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و چەند کەسێکی دی، کە نەچوونەتە ژێر باری تەوژمی باوی ئەوکاتی باڵادەستی شێخەکان و بۆچوونێکی ئایینی بەرهەڵستکارانەی تەریقەتی بنەماڵەییان هەبووە.

# پاشکۆی بەڵگەنامەو دەستنووس و وێنە




**وێنەی نامەیەکی تایبەتی "مەلا عومەر عەبدولعەزیز پریسی" لە وەڵامی پرسیاری کۆچکردوو "بەرزان ئەحمەد". ئەرشیفی ناوەندی کوردستان**





**وێنەی تۆمارەکانی مێژووی کوژرانی "مەلا یوسف" لەلایەن "مەلا سەعید" و "مەلا محەمەد"ی برای. ئەرشیفی ناوەندی کوردستان.**


[74]



**دوو لاپەڕە لە دەستخەتی "مەلا یوسفی گڵێجاڵی" لە حوجرەکانی "بیارە" و "عەبابەیلێ"، لە خوارەوەش دەستخەتی "مەلا سەعیدی گڵێجاڵی" یە.**



هەندێك دەستخەتی تری "مەلا یوسف گڵێجاڵی" كە لە خوارەوە واژووی لەسەرە و كۆمەڵێك بابەتی تێكەڵە. ئەرشیفی ناوەندی كوردستان





نامە: خاڵە مەلا یوسف السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

دوێنێ هاتمە زیارەتت.. تەشریفت لەوێ نەبوویت، بەداخەوە بە حاڵێکی پەرێشان گەڕامەوە. خواجە ساسون ئەگەر تەشریف نەهێنێ ئیتر کیفایەتە.ج




گرێبەستی کڕینی چوار بەرگ لە "مغني المحتاج" لە لایەن "مەلا یوسف" ـەوە بە ٢ دینار و ٦٥٠ فلس لە "فەقێ عەبدولکەریم" و دوو شایەتی تێدایە.





کۆمەڵێك شیعر و نامە گۆڕینەوە لە نێوان "مەلا یوسف گلێجاڵی" و فەقێکانی هاوڕێی لەسەر کەشکۆڵێکی فەقێیەتی. ئەرشیفی ناوەندی کوردستان.



قراراتها فاكتسبت الدرجة القطعية بمضي المدة القانونية على نشرها و غير ...

**٥ . مقاطعة ٤٦/كليجال**

تشتمل هذه المقاطعة على (٣٠) قطعة و (٨) متروكات و نشرت قراراتها بالجريدة الرسمية بالعدد ٣٥٦٤ بتاريخ ١٩٥٥/٢/١٤ و لدى التدقيق تبين ما يلي:

اولا : استؤنفت قرارات القطع ( من ١ الى ١٠ ، ١٤ ، ١٥ ، ١٨ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢٥ ، ٢٦ ) و صدر حكمها الاستئنافي بتصديق قراراتها في تعيين اصنافها اميرية صرفة باسم المالية مع افراز القطع المرقمة من ٣١ الى ٤٢ و تسجيل القطع المفرزة و المرقمة من ٣١ الى ٤٢ مفوضة بالطابو باسم العراقي شيخ علاءالدين بن الشيخ عمر ضياءالدين و اكتسب الدرجة القطعية بتصديقه تمييزا بالقرار المرقم ٥٨/١٢٨٥ بتاريخ ١٩٥٩/٤/١٥ لثبوت تخصيص هذه الاراضي الى الشيخ علاءالدين من قبل الحكومة بتاريخ ١٩/تشرين الثاني ١٩٤٠ لذا فهي غير مشمولة بالالغاء .

ثانيا : باقي قطع المقاطعة و متروكاتها لم تستأنف و اكتسبت الدرجة القطعية بمضي المدة القانونية على نشرها و غير مشمولة بالالغاء .

*Figure ١ بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە بارەی خاوەندارێتی زەوییەکانی گڵێجاڵ و تاپۆکردنی ١١ پارچەی لەلایەن شێخ عەلادین نەقشبەندییەوە.*



العدد ٣٥٦٤

السنة الثالثة و الثلاثون

# الوقائع العراقية

الجريدة الرسمية للحكومة العراقية تصدرها مديرية التوجيه والاذاعة العامة في العراق

مسجلة في دائرة البريد المركزية ببغداد تحت رقم ( ٤ )

... الاثنين ٢١ جمادي الاخرة سنة ١٣٧٤ و ١٤ شباط سنة ١٩٥٥

... رقم (٧) لسنة ١٩٥٤ ...

*Figure ٢ بەرگی وەقایعی عێراقی کە پاکتاوکردنی زەوییەکانی گڵێجاڵ لە خۆدەگرێت*



مەلا محەمەدی عەبابەیلێی



مەلا عەمەر عەبدولعەزیز



مەلا ساڵحی گەورە



مەلا سەعیدی گڵێجاڵ



حاجی تۆفیق مەلا فەتاح



مەلا محەمەد خەلیفە



شێخ زاهیدی شێخ عەلادین



شاکر فەتاح قایمقامی هەڵەبجە



ئاوایی گڵێجاڵ و پێدەشتەکەی کە کۆی ڕووبەرەکەی ١٠ هەزار و ٧٧٧ دۆنمە.



شوێنی کوشتنی "مەلا یوسف" لە "تەنگەکە"ی دامێنی دەشتی گڵێجاڵ

# لیستی سەرچاوەکان


## دەستخەت و بەڵگەنامەکان:

**ئەرشیفی دیجیتاڵی ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی:**

_ بەڵگەنامەی کڕینی کتێب، ٣٣٦٥٥، D.K١٥٨.

_ پەراوێزەکانی سەر بەرگێکی "مغني المحتاج"، ٣٣٦٤١، D.K١٥٧. _ کەشکۆڵی بابەتەکانی فەقێیەتی مەلا یوسف، ٣٣٦٨٠، D.K١٦٠.

_ نامە بۆ مەلا یوسف، ٣٣٦٨٨، D.K١٦٠.

_ سلێمانی ***لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا***. ئامادەکردنی، یەحیا نەوزاد باجگر، وەرگێڕانی، ئاشتی ئەحمەد، سلێمانی: زانکۆی جیهان، ٢٠١٩.

_ عمر عبد العزيز الحسيني، ***بۆ برایانی عەشیرەتی گڵێجاڵ***، نامەیەکی تایبەت، هەڵەبجە، ٢٠/ ١٠/ ٢٠٠٣، ١٠٥١٢، D.K٠٢.

## بڕیارە فەرمییەکان:

_ الوقائع العراقية، العدد ٣٥٦٤، ١٩٥٥/٢/١٤، ملحق، لواء السليمانية، قضاء حلبجة، رقم المقاطعة ٤٦ (كليجان).

_ الوقائع العراقية، ٣٥٦٤، ١٤/ ٢/ ١٩٥٥؛ القرار ٥٥/ ١٢٨٥ في ١٥/ ٤/ ١٩٥٩.

_ الوقائع العراقية، العدد ٣٥٦٤، ٢/١٤/ ١٩٥٥، ملحق، لواء السليمانية، قضاء حلبجة، رقم المقاطعة ٤٦ (كليجان)؛ القرار التميزي، ٥٨/ ١٢٨٥، في ١٥/ ٤/ ١٩٥٩؛ القرار التميزي ٥٥/ ١٢٨٥.

## چاوپێکەوتنە تایبەتەکان:

_ئەحمەد کەریم عەبدوڵڵا (ئاگادار)، سیروان، ١٢/ ٦/ ٢٠٢٠.

_ مەلا ئەحمەد تاوگۆزی (هاوفەقێی مەلا یوسف)، ١٦ /٦/ ٢٠٠٥.

_ئەمنە شێخ عارف (شایەتحاڵ)، زەڕایەن، ٩/ ٦/ ٢٠٢٠.

_ئەورەحمان فەتحوڵڵا یوسف (شایەتحاڵ) زەڕایەن، ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠.
_مەلا جەلالی مەلا ساڵح (شایەتحاڵ)، سلێمانی، ٢٠٢٠/٦/١٩ (ڤیدیۆ).
_ مەلا حەمەئەمین سەراوی (هاوفەقێ) هەڵەبجە، ٢٧/ ٦/ ٢٠٢٠.
_حەمە تۆفیق دەروێش ئەبوبەکر، (فەقێ) هەڵەبجە، ٢٩ / ٦/ ٢٠٢٠.
_خاسێ حەسەن (شایەتحاڵ) زەڕایەن، ٩/ ٦/ ٢٠٢٠.
_ زینەت خەلیفە ئەحمەد (شایەتحاڵ)، هەڵەبجەی تازە، ٢٤ /٧/ ٢٠٠٨.
_زەریفێ قادر محەمەد (شایەتحاڵ) زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/١١.
_ساڵح ئەحمەد نادر (ئاگادار)، زەڕایەن، ٥/ ٦/ ٢٠٢٠.
_ مەلا عومەر عەبدولعەزیز (مامۆستای ئایینی)، شاری سنە، ٢٨/ ٢/ ١٩٩٨.
_ عەزیز مەحمود محەمەد گڵێجاڵی (شایەتحاڵ)، ٦/٤ /٢٠١٥.
_ عەزیز محەمەد ئەحمەد (ئاگادار)، گڵێجاڵ، ٢ /٧/ ٢٠٢٠.
_ مەلا عەبدوڵڵا حەمە وەیس (شایەتحاڵ)، دەربەندیخان، ٢٠٢٠/٥/٢٩.
_عەزیز بەلەسۆیی، (شایەتحاڵ وئاگادار) زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/١٠.
_عەباس عەبدولقادر ئەورەحیم (ئاگادار) هەولێر، ١٠/ ٧/ ٢٠٢٠.
_ مەلا عەبدوڵڵا یوسف (شایەتحاڵ) زەڕایەن، ٢٠٠٨/٧/٢١.
_مەلا عوسمان سوفی شەریف (هاوفەقێ)، هەڵەبجە، ٢١/ ٦/ ٢٠٢٠.
_ مەلا عەبدوڵڵای مەلا محەمەدی تەکیە (شایەتحاڵ) ٥/ ٢/ ٢٠٢١.
_مەلا عومەر عەبدلعەزیز (مامۆستای ئایینی)، سنە، ٢٨/ ٢/ ١٩٩٨.
_مەلا عەلی کۆکۆیی (هاوفەقێ)، هەڵەبجە، ١٩/ ٦/ ٢٠٢٠.
_فەتاح محەمەد عەبدوڵڵا(شایەتحاڵ)، گڵێجاڵ ، ١٢/ ٧/ ٢٠٢٠.
_فاتمی مەلا فەتاحی خەلیفە، (شایەتحاڵ)، زەڕایەن ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠.
_مەلا فایەق شارەزووری، (هاوفەقێ)، سلێمانی، ٢٠٢٤/٤/١٩.
_محەمەد قادر عەزیز (شایەتحاڵ)، زەڕایەن، ١٠/ ٦/ ٢٠٢٠.
_محەمەد ئەحمەد بەیخان (شایەتحاڵ)، زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/١١.
_مەلا محەمەدی مەلا سەعید (ئاگادار)، زەڕایەن، ٦/١٠/ ٢٠٢٠.
_محەمەد ئەحمەد مومین، (شایەتحاڵ) زەڕایەن، ٩/ ١٠/ ٢٠٢٠.

_مریەم فەتحوڵڵا یوسف (شایەتحاڵ)، زەڕایەن، ٧/ ٦/ ٢٠٢٠.
_محەمەد یوسف حمە (شایەتحاڵ)، دەربەندیخان، ٥/٢٩ /٢٠٢٠.
_ مستەفا قادر یوسف (شایەتحاڵ)، زەڕایەن ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠.
_مەحمود عەلی محەمەد (ئاگادار)، زەڕایەن ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٠.
_مەحمود مستەفا نادر، (شایەتحاڵ) زەڕایەن، ٢٠٢٠/٦/٥.
_حەمە عەلی سۆفی محەمەد (شایەتحاڵ) زەڕایەن، ٤/ ٧/ ٢٠٢٠.
_ محەمەد خانەشووری (شێخزادە)، جوانڕۆ، ٣/ ٦/ ٢٠٢٠ (ئۆن لاین).
_ محەمەدی مەلا فەرەج (شایەتحاڵ)، زەڕایەن، ٢٣ /٧/ ٢٠٠٨.
_ محەمەد سبحان قادر (شایەتحاڵ)، زەڕایەن، ٢٢/٧/ ٢٠٠٨.
_محەمەدی مەلا کەریمی مودەڕیس (ئاگادار)، سلێمانی ٩/ ١٢/ ٢٠٠٦.

## نامەی زانکۆیی:

لقمان محمد قادر، پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەڵەبجە و هەورامان (١٩٢١_١٩٥٨)، ماستەرنامە، بەشی مێژوو، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٣.

## ژێدەرە کوردی و وەرگێڕدراوەکان:

_ئاراس محەمەد ساڵح، ***مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەکۆمەڵە دیدارێکی رۆژنامەنووسیدا***. سلێمانی: سەنتەری زەهاوی، ٢٠١٥.
_ جەلال هۆرێنی، ***ڕاپەڕینی جوتیارانی هۆرێن***. سلێمانی: بینایی، ٢٠٢١.
_ حمە ساڵح هاروونی، **هاروونی لەمێژوودا**. سلێمانی، ٢٠١٩.
_ سیسیل جان ادموندز، ***کردها، ترکها، عربها***، ترجمە: ابراهیم یونسی. ایران: انتشارات روزبهان، ١٣٨٣.
_مەلا عەبدولەتیفی بامۆکی، ***هانە سوورە و بنەماڵەی سەیدی هانە سوورە لە مێژوودا***. سلێمانی: چاپخانەی گەنج، ٢٠١٠.
_مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ***یادی مەردان***. بەغدا: کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٠.

_کۆمەڵێك توێژەر، ***گڵێجاڵ لە بەڵگەنامە وبیرەوەرییەکاندا***. سلێمانی: ناوەندی خاڵ، ٢٠٢٠.
_ فایەق هەڵەبجەیی، **کوانووی خەبات**، (سلێمانی: تایبەت، ٢٠٢٠).
_موحسین موفتی، ***گەوهەری حەقیقەت*** لە ژیان و کەسایەتی قوطبی تەریقەت حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی. هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٨.
_محەمەد ئەمین هەورامانی، ***مێژووی هەورامان***. سلێمانی: چوارچرا، ٢٠١٦.
_محەمەد حسێن کوێخا عەلی، **چمکێك لە مێژووی نادیاری عەشرەتی شەرەف بەیانی وناوچەی کوێرەك**. سلێمانی: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٠.
_مارتن ڤان ***برونسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت***، وەرگێڕانی کوردۆ عەلی. سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٠.

## یاداشت و بیرەوەرییەکان:

_ ئەحمەد بانی خێڵانی، ***بیرەوەرییەکانم***. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤.
مەلا لەتیفی بامۆکی، ***'لە بامۆکەوە بۆ بینینی عەبدولکەریم قاسم، بیرەوەرییەکانی ژیانی فەقێیەتی مەلا لەتیف بامۆکی"***، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ٣٩، زستانی ٢٠٢٣.
_ حەمە کەریم هەورامی، چیرۆکی من و گوندەکەم. هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیر، ٢٠١٦.
___شاکر فەتاح، ***ئاوێنەی ژینم*** (هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣).
_مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ***رۆژگاری ژیان، یاداشت و بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس***، ئامادەکردنی ڕەئووف مەحمودی. سنە: انتشاراتی کردستان، ٢٠١٥.
_محەمەد ئەمین هەورامانی، ***هەندێك لە لاپەڕەکانی ژیانم***. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٤.
_موستەفا ئیبراهیم زەڵمی، ***کاروانی ژیانم*** (هەولێر: تەفسیر، ٢٠١٨).

## گۆڤارەکان:

_بەرزان ئەحمەد، "***مەلا یوسف چۆن لەلایەن شێخێکی هەورامانەوە تیرۆر کرا؟!***" گۆڤاری ستاندەر، ژمارە ٢٥، ساڵی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

_حەسەن عەبدولکەریم، "***ژیانێکی پڕ کوێرەوەری***"، گۆڤاری ژین، ژمارە ٩، ساڵی نۆیەم، ٢٠١٧.

_ عادل صدیق، ***هەڵەبجە لە بیرەوەری ع.ع. شەونمدا***، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٨، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، لا ١٢٦.

## ڕۆژنامەکان:

_ موحسین موفتی، ***چەواشەکاری و بێ بنەمایی لەو تۆمەت و بوختانەی بە شێخانی هەورامان کراوە***، رۆژنامەی ستاندەر، ژمارە ٣٧، ٧/ ٧" ٢٠٠٩ ؛ ژمارە ٣٨، ٢٠٠٩/٧/١٤.

_ باوکی وافی، ***مێژوو بەئاوەژۆیی نابێتە ئاوێنەی واقیع***، گۆڤاری ستاندەر، دەزگای ستاندەر، ژمارە ٣٤، هەولێر، تەمموزی ٢٠٠٨.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

_ جعفر خیاط، ***القرية العراقية، دراسة في أحوالها و إصلاحها.*** بغداد: المجمع العلمي، ١٩٥٠.

_ عماد عبدالسلام رؤوف، ***مراكز ثقافية مغمورة في كردستان***، (أربيل: مؤسسة موكرياني، ٢٠٠٨).

_ وزارة الشؤون الاجتماعية، المملكة العراقية، مديرية النفوس العامة، ***إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧*** (بغداد: ١٩٥٤).

## میدیاکان:

_ کەناڵی کوردسات، بەرنامەی **"کوردسات ڕۆشنگەری"**، ٢٤ی ئابی ٢٠٢١.

الشمانية ان يطوى ... يصحح ... الملكتوب ... صفحة ...

من ... الهجرة الى السنة التى الف فيها ثمانية ثمانية ثم تعدد من ... الواحد

الى اليس بعدد ما بقى وتجمع العدد الذى انتهى اليه ... المرقوم

تحت ... المطلوب ... العدد المرقوم ... الايام ...

... الشهر ... من الطرح ... الاربعة ...

... العدد الحاصل ... ابن ...

... برهوتي ... ماموره بو

... ئه كهم لهو دنيا بو خوش

حق تعالى ... ماموستايان وصلمانان ...

... جيع بيين .

... له مدرسهى ... خويند ... .

... ماوه ... له بيرم ... ببورن

... كه له ... خويند ... ايتر ...

عمر عبد العزيز الحسيني

١٢٦٠

انتقل هذا الكتاب المسمى بمغنى المحتاج فى اليد اقم الاغنى

ملا ...

... كتيب ...

١٢٦٠